# دەربارەی هیوا



# پێڕست


❖وتەی پێشەکی: سووڕی هیوا .....
❖ئاوڕێکی کورت لە چەمکی هیوا لە فەلسەفەدا.......... فازڵ مەحموود
❖ڕەهەندە پرشنگدارەکانی ڕەشبینی............................شێروان ئیبراهیم
❖ڕانانێک بۆ کتێبەکەی تێری ئیگڵتۆن......................و. بۆتان بەختیار
❖هیوا لە ئوستوورەی گەلاندا................................و. سوورێن ئیبراهیم
❖بابەتێک لەمەڕ هیوا و ژینگە.......................... و. سەرکەوت جەلیل

## وتەی پێشەکی: سووڕی هیوا

ڕەنگە بتوانین وەک زۆر دیاردەی مرۆیی و تەنانەت سرووشتییش، باسی سووڕی «هیوا» بکەین. هیوا شتێک نیە لەسەر هێڵێکی ڕاستەوڕاست، ڕاستەهێڵێک، دەست پێ بکات و کۆتاییش بێت. هیوا هەمیشە ئەگەری گەڕانەوەی هەیە. گەرچی بوونێکی پچڕپچڕی هەیە، بەڵام بەشێوەی بازنەیی دەگەڕێتەوە. هیوا گەرچی تێرمێکی مرۆیی-کەلتورییە، بەڵام جۆرێک ململانێی شاراوەشی بە سرووشتەوە یان بڵێین بە شەو و ڕۆژەوە هەیە: لەگەڵ نوێبوونەوەی شەو و ڕۆژدا، ئەو ئاڵنگارییە لای مرۆڤیش درووستدەبێت کە لە جێیەکەوە دونیای مرۆڤیش نوێدەبێتەوە- شەبەقێک دەردەکەوێت. سووڕی **پاڵنەری مەرگ**، کە سووڕی سرووشتە و ڕاکێشراوەتە نێو کەلتوری مرۆییەوە، ئەم سووڕەی هیوا پیشاندەداتەوە: هیوا، سووڕێکی کەلتوری و سرووشتییە لە یەک کاتدا، هیوا بێ گوێدانە ئاستی ڕەزامەندیی تاکەکان، دەگەڕێتەوە و هەمدیس وندەبێتەوە. لێرەوە هیوای پەتی و بێهیوایی پەتی بوونی نیە. هیوا، لەناو گوتاری جۆراوجۆر و سیاقی جۆراوجۆردا، ڕووی جۆراوجۆر وەردەگرێت کە دیسان بەپێی گوتارەکە و سیاقەکە مایەی ڕەخنەیە.

گوتاری باڵادەستی ئێستا، فۆرمی جۆراوجۆریشی داوەتە پرسی هیوا. زۆرکەس وادەزانن کۆی بەختەوەری و هیوا لە پارەدا نوستووە، بەڵام کە دەگەن بە سامانێکی زۆر، بەزۆری دەروونندرووستی دەدۆڕێنن. بەڵام هێشتاش دەستبەرداری *هیوا* نابن و لە کۆتایی پارەوە، بۆ سەرەتای

باشبوونەوە دەگەڕێنەوە. ئەمڕۆ کلینیکەکانی دونیا بەشێک لەو ملیۆنەر و ملیاردێرانەیان تیا خەوتووە کە چاوەڕێی گورپێدانەوەیەکی دەروونیین. یان ئەو ئەستێرە دیارانەی کە تەنیا نەیانتوانیوە خۆیان ڕووناکبکەنەوە و لەژێر چارەسەری دەروونییدا کاتەکانیان دەگوزەرێنن. ئەوەشی پەیوەندیی بە کەلتوری ئێمەوە هەیە، هەڵکشانی دیاردەی حەج و عەمرە، ڕوویەکی تری سووڕی هیوایە لەناو گوتاری دینی- کۆمەڵایەتی دا: گەر مۆدێلێکیت یان گۆرانیبێژێک، گەر هەست بە تەمومژێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکەیت، هەستە و سووڕێکی عەمرە ئەزموون بکە. ئەم سووڕە، گەرچی سەرەنجام بۆ خۆپاککردنەوەیەکە لە تانەی کۆمەڵگا، بەڵام خۆیشی وەک دیاردەیەکی ناو **گوتاری نوێی هیوا** گوزارشت لە هیچ ناکات بنبەستی ژیانی کۆمەڵایەتی نەبێت. خودی ئەم گەشتباوەڕی (تۆریزم)یە نوێباوە، خۆی ئامانجی خۆیەتی و هیچی تر. سەرمایەدارێکی پڕ لە هەستی گوناهـ و قڵۆگەرێک و تیکتۆکچییەک، دیسان دەتوانن ئەم گەشتە دینییە بکەن کە پتر ڕوویەکی تۆریستیی وەرگرتووە و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە باوەڕە ناوەکییەکەوە نیە. ئەمە هاوشان بەو خێرخوازییە باوە ڕوودەدات کە خۆپەرستییەکی شاراوە ئاراستەیدەکات. دیارە وەک دەروونناسیی تاک، دەشێت نمونەیەکی ئەرێنی لە گۆشەیەکەوە هەبێت، بەڵام وەک کۆپەیوەندییە مرۆییەکان شتەکە زۆرجار دەگاتە ئەوەی کە حەماقەت و خێرخوازی بەشێوەیەکی سەیر تێکەڵ ببن. خێرخوازی وەک شاردنەوەی «حەماقەت» و «ئیبتیزال». تاکە هۆی پێچەوانە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە بگوترێت ژیری و دەسگیرۆیی لەناو کۆمەڵگای کوردییدا، مەرجی یەکترن و عەقڵ لەو چکە ڕاستەوخۆ سۆزەکییە

دەرنەچووە. یان شکستی سیاسەت و زەوییەکی بێسەروەریی بندەستی کۆمەڵێک حیزبۆچکەی بێسەروەری لەکۆدا، تێکەڵ بە سەرکەوتنی تەکنیک بووە و چاکەی گشتی لە فۆرمی چاکەیەکی موبتەزەلی کەسێنی دا سەردەردێنێتەوە. هەر ئەمڕۆ زۆر دیاردەمان هەیە ڕەخنەی شتی پاتاڵ (موبتەزەل) دەکەن، بەڵام خۆیشیان بەئاسانی دەبنەوە بەشێک لەو سووڕەی کە هەیە (بۆ نمونە، ئەو ژمارە کتێبەی باسی "سیستەمی هیچوپووچی" دەکەن، خۆیشیان تێکڕا بەرهەمی ئیبتیزال و هیچوپووچییە باڵادەستەکەن-ڕوونیشە ڕەخنەی شتانێک دەکات کە فەیلەسوفە ڕەسەنەکان قووڵتر و کۆنتریش بونیادی ئەم پووچێتییەیان هەڵماڵیوە).

وشەی هیوا و "گۆڕانکاری"، عادەتەن بوون بە هاوەڵی یەکتر. هەریەکەیان ئەویتریان بیردەخاتەوە. گۆڕان ڕۆژ بە ڕۆژ، لە حەکایەتی گەورەوە بەرەو حەکایەتی بچووک و پارچەکراو دێت. لە گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بەرەو چیرۆکی شەخسی و ئێستاتیکی و هتد دێت. لە دۆخێکی واشدا هیوا لەناوناچێت، بەڵکو پارچەپارچەدەبێت. کاتێک ئەمە دەڵێین، ئەوە ڕوونە کە لەناو مرۆڤەکاندا هیوا خۆی بەناوەڕۆک بەستراوەتەوە بە پرسی **گشت** و "گشتێتی"یەوە. پارچەبوونی کۆمەڵایەتیی هیوا، لەلاوە جۆرێک وەڕسبوون و بێهیوایی تایبەت درووستدەکات، بەڵام وەک ئایدیایەکی گشتی وننابێت. گەر دیقەتێکی ئێستای ژیانی مرۆڤەکان و کۆمەڵگای خۆیشمان بدەین، دەبینین قسەکردن لەسەر هیوا خۆی دەرەنجامی بێهیواییەکە کە لەم پارچەبوونەوە درووستبووە. ئەوەی کە ڕۆژانەش هەزاران پارچە ڤیدیۆ و وتەی ناوداران لەسەر گەشبینی و هیوا دێتەدەرەوە، ئەنجامی ئەو ڕێڕەوەیە کە هیوا لەسەر

ڕاستەڕێی خۆی ترازاوە. مۆراڵفرۆش و پارەدۆزانی ناو تەکنۆلۆژیای نوێ، هیوا گشتییەکە دەگۆڕنە سەر چنینەوەی دەسکەوتی بەشەکی و تاکەکەسی. هەرچی وشەی "گۆڕین"یشە، کە خۆی کرۆکی هیوایە، وەردەگەڕێت بۆ فەنتازیای شەخسی. ئەمەش لە یەک بواری وەک سیاسەتدا نامێنێتەوە، بەڵکو کۆی پرسە مرۆییەکان گشتی دەگرێتەوە: لە ڕەگەزگۆڕینەوە تا ناوماڵگۆڕین و بیرگۆڕین و کەناڵگۆڕین و سەنگەرگۆڕین دەرکەوتەی جیاجیای ئەم دۆخەن و هیچی تر. گەر یەکیان بەپێی شوناسی ناچاریی مرۆڤەکە و پێشکەوتنەکان بەشی خۆی «ڕەوایەتی»ی هەبێت، ئەوا ئەوەکانی تر لە نەفرەتی مرۆڤەوە دێت لە خۆی کە لینکێکی ئەوتۆی بە هیواوە وەک پرسێکی **گشتەکی** نەماوە. یانژی هەمانبێژی و تۆتۆلۆژییەکە هەوڵی گۆڕینی شتێک دەدرێت کە خۆی لەبنەڕەتدا بوونی نەبووە. ئەم گۆڕینانە لەو پێناوەدایە شتێک بەدەستبێت، بەدەستهێنراوێک؛ بەڵام ئاشکرایە بەدەستهێنراوەکان بەپێی سەردەمەکان ئەوانیش دەگۆڕێن: ئەوەی ئەمڕۆ بەدەستدێت، دەسکەوتێکی بەشەکییە و لەجێی پرسێکی گشتەکی کاردەکات- یان میتۆنۆمییەکە بۆ تاریکبوونی **گشت** و فەزیلەتە گشتەکییەکان، چونکە میتۆنۆمی (Metonomy) نەک هەر لە کایەی نوسین، بەڵکو لە کایەی کۆمەڵایەتییشدا کاردەکات و بەشەکان بە شێوازی جیاجیا جێی **گشت** دەگرنەوە. لە هەموو ئەمانەدا، عەشقی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، دەبێتە ئینتیمای شێتانەی بەش بۆ بەش و ئەوەی لەباردەچێت خودی **ئایدیای عەشق**ە وەک کۆیەک. لێکچوونی ئەم بەشانە بە پرسی هیواوە لە گشتدا زۆر لەو گۆرانییە

میلییەوە دوور نیە کە دەیوت «تەنیا شتێکمان لەیەکدەچێت، ئەویش ئەوەیە یەکمان خۆشناوێت.»

# ئاوڕێکی کورت لە چەمکی "هیوا" لە فەلسەفەدا

فازڵ مەحموود

هیوا چاوەڕوانییەکی خوازراوە کە دەخوازین ڕووبدات و بڕوامان بەوەیە دەشێت ڕووبدات. بۆیە هیوا پەیوەستە بە داهاتووەوە، واتە ئەو شتەی هێشتا ڕووینەداوە و دەشێت ڕووبدات، بەڵام هیوا هاوکات لە نێو خۆیشیدا دژەکەی هەڵگرتووە، ئەویش بێهیواییە، بۆیە هیوا خواستێکی لەرزۆکە و ئەم لەرزۆکییەش کاتێک دروست دەبێت کە تۆسقاڵێک زانیاری تەواو هەبێت بەرانبەر بە داهاتوو، جۆرێک لە نادڵنیایی و ترس، کە دەبێتە هۆی ڕووخاندنی. بەڵام هیوا دینامۆی ژیانە، تەنیا هیوا دەتوانێت وا بکات ئەم واقیعەی ئێستا قبووڵ نەکەیت و بەرپرچی بدەیتەوە و هێزێک لە تۆدا بەرەو نادیار و بەرەو داهاتوو پاڵت پێوەبنێت. هەڵبەت ئەمە جیاوازە لە هیوای ئایینی؛ هیوای ئایینی، خواستەکانی ژیانی ڕاستەقینەت لێ زەوت دەکات بەرەو بەڵێنێکی وەهمی؛ هیوای نەمری، هیوای دادپەروەریی ڕەها و یەکسانیی ئەو شتانەن کە تەنیا ئیمانێکی ئایینی دەتوانێت بانگەشەی بۆ بکات و ئەم جۆرە هیوابەخشینە لە ئاییندا ڕکابەریی کۆی ئایدۆلۆژیا

یۆتۆپیاخوازەکانی تریش دەکات. نیچە دەڵێت: "ئیمان ڕزگارکەرە، کەواتە درۆ دەکات". دیارە بۆ فەیلەسووفێک کە هەقیقەتی پێش بەختەوەری و ڕزگاربوونی دەوێت، زیاتر بێهیواییەکی ئاشکرای لا پەسەندە تاکوو هیوایەکی ساختە. هەربۆیە کاتێک ئایین لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگدا بەڵێنی ژیانی ئەبەدی دەدات، ئەوا لە بەرانبەردا فەلسەفە بۆ مرۆڤ پێشنیاری قبووڵکردنی مردنی دەکات. کاتێک ئایین ڕێگە بۆ مرۆڤ خۆش دەکات تاکوو بە هیوای ژیانێکی سەرمەدییەوە بژی، ئەوا لە بەرانبەردا ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە کە زەینی مرۆڤ لە ترسی مردن و هیوا بۆ نەمری ڕزگار بکات.

هیوا وەک چەمکێکی فەلسەفی، بە درێژایی مێژوو لای بیرمەندان و فەیلەسووفان ئاوڕی لێ دراوەتەوە، ئەم هەستە کە زۆرجار هاوتەرییە لە گەڵ پێشبینییەکی ئەرێنی بۆ داهاتوو، بە شێوازی جیاواز لای فەیلەسووفەکان گرنگی پێدراوە و هەرکامەیان بۆچوونی تایبەت و دیاریکراوی خۆی لەسەر هەیە، کە لەم وتارەدا بە شێوەیەکی کورت ئاماژەیەک بۆ ئەم چەمکە لای دوو فەیلەسووف و بیرمەندێک دەخەینە ڕوو.

## "هیوا" لای کانت

به بۆچوونی کانت هیوا تەنیا هەستێکی زەینی نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی پتەوی لە گەڵ ئەرک و ئامانجی ئەخلاقییدا هەیە. لای کانت، هیوا بنەمای خۆی لە بڕوابوون بە هەلی دەستڕاگەیشتن بە چاکەی ئەخلاقییەوە دەدۆزێتەوە. ئەمە دەرهاوێژییە[1] بەرەو داهاتوو، واتە بڕوابوون بە توانای تاک لە ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی کە تەریب بن لە گەڵ ئەرکی ئەخلاقیدا. هیوا، لە چوارچێوەی هزری کانتدا، لەو بڕوایەوە هەڵدەقوڵێت کە ئەخلاق دەتوانێت هەڵبژاردنەکانی مرۆڤ ئاراستە بکات.

مەسەلەیەکی تر کە پەیوەستە بە هیوا لای کانت، چەمکی عەقڵی کردەیی[2]ـە لای ئەو. عەقڵی کردەیی لە ئاراستەیدا بەرەو کردەی ئەخلاقیی لە عەقڵی پەتی[3] جیاوازە. عەقڵی پەتی بنەما ئەبستراکتەکان پەرە پێ دەدات، لە کاتێکدا عەقڵی کردەیی سەرقاڵی دونیای کۆنکرێتیی ئەخلاقە. کانت بڕوای وایە عەقڵی کردەیی سەربەخۆیە، واتە یاسا ئەخلاقییەکانی خۆی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە خواستە باوەکان دادەڕێژێت. هەربۆیە عەقڵی کردەیی دەبێتە بنەمای "فەرمانێکی کاتیگۆریک (فەرمانی ڕەها)" کە بنەما جیهانییەکانی ئەرکی ئەخلاقی دەسەپەنێت. ئێستا دەبێت بزانین کە پەیوەندیی نێوان هیوا و عەقڵی کردەیی لە چیدایە؟

---

1 Une projection
2 La raison pratique
3 La raison pure

هیوا، بە بۆچوونی کانت، لە بڕوابوون بە بڕواپێکراویی ئەو بنەما ئەخلاقییانەی کە لە لایەن عەقڵی کردەییەوە ئاراستە دەکرێن، دروست دەبێت. بە واتایەکی تر، ئەم متمانەیەیە کە پابەندبوون بە ئاراستەی ئەخلاق بەرەو چاکەیەکی یەکلایی دەستبەر دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەو چاکەیەیش لە ئەزموونی ڕۆژانەدا مایەی تێگەیشتن نەبێت. هەربۆیە لێرە هیوا دەبێتە پاڵنەرێکی سەرەکی بۆ بەپرسیارێتیی ئەخلاقی، و سەرەڕای کۆی کێشەکان، لەپێناو بەردەوامبوون بۆ ئەرکی ئەخلاقیی پەرە بە ئیرادە دەدات. هەڵبەت کانت کۆمەڵێک سنوور بۆ هیوایش دادەنێت؛ چونکە پێی وایە گەرچی هیوا لە بواری ئەخلاقیدا پێویستە، بەڵام ناتوانێت بەدیهاتنێکی کۆنکرێتیی چاکە مسۆگەر بکات. عەقڵی کردەیی کۆمەڵێک بنەمای بڕواپێکراو دەخاتەڕوو، بەڵام کاریگەریی بەرچاویان پەیوەستە بە واقیعەوە. هەربۆیە، گەرچی هیوا پێویستییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانێت ئەو تەمومژە شاراوەیە بڕەوێنێتەوە، کە لەبەدیهاتنی ئایدیاڵە ئەخلاقییەکاندا هەیە. دواجار ئەوەی ماوەتەوە بڵێین ئەوەیە، لای کانت هیوا و عەقڵی کردەیی لەگەڵ گەڕان بەدوای چاکەی ئەخلاقیدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە. هیوا لە ئەنجامی بڕوابوون بەو بنەما ئەخلاقییانەی کە لە لایەن عەقڵی کردەییەوە دەخرێتەڕوو سەرچاوە دەگرێت و ئیرادەی بەجێهێنانی ئەرک پتەو دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا کانت سنووردارییەکانی هیوا لە ئەنجامی بەدیهاتنێکی کۆنکرێتیی چاکەوە دەزانێت. لە ئەنجامیشدا، پەیوەندیی نێوان هیوا و عەقڵی کردەیی لای کانت ئاڵۆزبوونی ڕەفتاری ئەخلاقی ئاشکرا دەکات و گرنگیی تێڕامانی ئەخلاقیی لە ژیاندا بەرجەستە دەکات.

## "هیوا" لای نیچە

یەکێک لە مەسەلە گرنگەکان لای نیچە چەمکی "ویستی هێزە" و ئەوەی لێرە مەبەستمانە بڕۆینە سەری ئەوەیە کە نیچە چۆن ویستی هێز تێکەڵ بە تێگەیشتنمان لە هیوا دەکات و بۆچوونێکی تایبەت لەپەیوەندی لەگەڵ هیوا دەخاتەڕوو.

بە بۆچوونی نیچە، ویستی هێز تەنیا لە هەوڵدان بۆ دەسەڵاتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی کورت ناکرێتەوە، بەڵکو پیشاندەری هێزێکی زیندووە کە کۆی ڕەهەندەکانی بوون دەخاتە جووڵە. واتە ئەو پاڵنەرەیە کە هەر تاکێک بەرەو داکۆکیی لە خۆی و سەرکەوتن بەسەر بەربەستەکان و دروستکردنی چارەنووسی خۆی پاڵ پێوە دەنێت. لەم ڕوانگەیەوە، هیوا دەبێتە هێمای ئەم ویستی هێزە، واتە هێزێک کە مرۆڤ بەرەو داهاتوویەک پاڵ پێوە دەنێت کە دەیەوێت ئەو داهاتووە جارێکی تر پێناسە بکات و دەستی بەسەردا بگرێت.

## هیوا وەك بەڵێکردن بۆ ژیان

نیچە ئایدیای واقیعی ترانسێندێنتاڵ[4] یاخود واتایەکی لەپێشدیاریکراو ڕەتدەکاتەوە. بە بۆچوونی ئەو، بوون ئامانجێکی لەپێشدادیاریکراوی نییە. لەملایەنەوە، هیوا چونکە ڕەگوڕیشەی لەنێو ویستی هێزدایە، دەگۆڕێت بۆ بەڵێکردن بۆ ژیان. ئەمە بەو واتایە دێت تەنانەت لە نێو جیهانێکدا کە هەڵگری هیچ واتایەکی جەوهەری نییە، تاک ئەو هێزەی هەیە کە واتای خۆی

[4] La réalité transcendante

بخولقێنێت و لە هەمانکاتدا واتا بە بوونی خۆی ببەخشێت. نیچە هیوا وەک فۆرمێک لە بالآیی سەیر دەکات؛ بەڵام جۆرە بالآییەکی ناونشین[5] نەک ترانسێندێنتاڵ، ویستی هێز مرۆڤ بەرەو ئەوە پاڵ پێوە دەنێت تاکوو خۆی لەو سنوورانەی کە لە ئەنجامی هەلومەرجەوە کەوتوونەتەوە، لەو بەهایەنەی کە پێشتر دیاری کراون و کۆی ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بەرەو پێشەوە بڕوات. هەربۆیە هیوا دەبێتە هێزێکی گۆڕانکاریکەر و هەلی ئەوە دەخاتە بەردەم مرۆڤ ئەم بارودۆخەی هەنوکەی تێبپەڕێنێت بەرەو داهاتوو و سەیرورەی تر بڕوات. مەسەلەیەکی تر پێویستە لێرە باسی بکەین، مەسەلەی چاکە و خراپەیە لە پەیوەندی لەگەڵ هیوادا لای نیچە. نیچە واتا ترادیسیۆناڵەکان (نەریتییەکان)ی چاکە و خراپە دەخاتەژێر پرسیارەوە و بڕوای وایە ئەخلاق زۆرجار وەک کەرەستەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بەکاردەهێنرێت. لێرەشدا، هیوا، وەک ڕەنگدانەوەی ویستی هێز، دەکەوێتە ئەودیو کاتیگۆرییە ئەخلاقییە باوەکان و دەبێتە هێزێکی داهێنەر کە مرۆڤ لە کۆتوبەندی ئەخلاقی ترادیسیۆنی ڕزگار دەکات و ڕێگا بۆ کردنەوەی ئەخلاقێکی نوێ لەسەر بنەمای داهێنانی تاکەکەسییەوە خۆش دەکات. لە کۆتاییدا ئەوەی پێویستە بیڵێین ئەوەیە کە لای نیچە تێکەڵبوونی هیوا بە ویستی هێز تەنیا گەشبینییەکی پاسیڤانە نییە، بەڵکو هێزێکی چالاکە کە وا لە مرۆڤ دەکات لە سنوورەکانی خۆی و واقیع زیاتر تێپەڕێت و هەلی ئەوەی بۆ بڕەخسێت لە دونیایەکدا کە هەڵگری هیچ واتایەکی جەوهەری نییە، واتا و چارەنووسی ژیانی خۆی بگرێتەدەست.

---

[5] imamanente

## "هیوا" لای ئەلبێر کامۆ

کامۆ بە قووڵبوونەوە لە پووچبوونی ژیان کاریگەرییەکی زۆری لە سەر هزری بوونگەرایانە دروست کرد. فەلسەفەی کامۆ بە جۆرێک ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ چەمکی پووچی[6]. بە بۆچوونی کامۆ، پووچی لە ئەنجامی خواستی مرۆڤ بۆ واتا لە ژیان و بێواتایی ڕواڵەتیی ژیانەوە دروست دەبێت. هەربۆیە مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پووچیدا مەحکوومە بە گەڕان بەدوای واتا لە ژیانێکدا، کە بەتاڵە لە واتایەکی جەوهەری. ئەم بەرکەوتنەیە کە هەستی پووچیی لای مرۆڤ دروست دەکات، و کامۆ "هیوا" وەک شۆڕشێک بەرانبەر بە پووچی دەزانێت و دەیەوێت لەڕێگەی چەمکی یاخیبوونەوە وەڵامێک بۆ پووچی بخاتەڕوو. یاخیبوون لای کامۆ وەڵامێکی فەلسەفی و وجوودییە بەرانبەر بە پووچی. دیارە ئەو نکۆڵی لە پووچی ناکات، بەڵام خۆی لە تەسلیمبوونێکی پاسیڤانە دەپارێزێت. هیوا بە بۆچوونی کامۆ، لەنێو ئەم یاخیبوونەدا، لە هەناوی ئەم بەڵێکردنەوە بۆ ژیان- سەرەڕای ئەو پووچییەی کە هەیەتی- دروست دەبێت. ئەمە زیاتر جۆرێک لە بەرگریکردن لە ژیان دەخاتە ڕوو، ژیانکردنێکی ئاگایانە و بەڵێکردن بۆی سەرەڕای هەبوونی پووچی تێیدا. بۆیە لای کامۆ هیوا هەڵاتن نییە لە پووچی، بەڵکو یاخیبوونە لێی. ئەمە بەڵێکردنە بۆ ژیان سەرەڕای کۆی ئاڵۆزیی و بێواتاییەکانی، هەربۆیە لە ڕووبەڕوونەوەی لەگەڵ پووچیدا، هیوا دەبێتە کردە و بوێرییەکی وجودی،

---
[6] Absurd

بەڵێکردنێکی ئازایانە بۆ ژیان لەگەڵ کۆی تراژیدیا و شکۆ و جوانی و پارادۆکسەکانی.

---

تێبینی: بۆ نووسینی ئەم وتارە کورتە کەڵکم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:


- Stanislas Breton, Le thème de l’espérance et la réflexion philosophique, Presses de l’Université Saint-Louis.

- Heidi Gilman, L'espérance, au fondement de la morale kantienne, Autres Temps Année 1999 63 pp. 91-97.

- L’absurde et la révolte selon Albert Camus, cincivox.fr.

# ڕەهەندە پرشنگدارەکانی ڕەشبینی

شێروان ئیبراهیم

بۆچی جیهانبینیی ڕەشبینانە هێندە بێنازە؟ هەڵبەت ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی باو دەرهەق بە دوانەی ڕەشبینی-گەشبینی. بەپێی پێناسەی باو، ڕەشبینی و گەشبینی دوو فۆرمی چاوەڕوانیی ئێمەن پەیوەست بە ئایندەوە: کەسی گەشبین پێی وایە شتەکان بەرەو باشتر دەچن؛ کەسی ڕەشبین پێی وایە شتەکان بەرەو خراپتر دەچن. بێجگە لەوەی ئەم پێناسەیە بەدحاڵیبوونێکە دەرهەق بە ڕەشبینی، هاوزەمان بارەکەش بەلای گەشبینیدا دەشکێنێتەوە. چونکە لێرەدا گەشبینی هاومانایە لەگەڵ دەستوەردان لە جیهاندا و بەدەمەوەچوونی پرسە گشتییەکان؛ هاوکات ڕەشبینی وەک جۆرێک لە دەسەپاچەیی و پاسیڤیزم و ڕادەستبوون وێنادەکات.

پێچەوانەی ئەم دیدگا باوە، ڕەشبینی هەقی نییە بەسەر ئایندەوە. بەڵکو ڕەشبینی فەلسەفەی پیشاندانی ڕەهەندە تاریکەکانی ژیانە، باسکردنە لە خراپە و ئازار و نەهامەتییەکانی بوونی مرۆڤ. فەیلەسووفە ڕەشبینەکان ناڵێن: چاوەڕێی خراپترین بکە! بەڵکو دەڵێن: چاوەڕوانی هیچ مەکە! بەو

مانـــایەی چـاوەڕوانی ســـەرچاوەیەکی ســـەرەکیی ئـــازار و نەهامەتییەکـــانە، لێرەشەوە، یەکێک لە کێشەکانی گەشبینی پڕکردنی مرۆڤە لە چاوەڕوانی. خۆ ئەگەر مـرۆڤ بڵێت: نـا، مـن نە ڕەشـبینم، نە گەشـبین، بەڵکو ڕیاڵیسـتم؛ ئەوە هێشتا هەر ڕەشبینییە؛ بەو مانایەی چاوەڕوانییەکی لە ئایندە نییە، هەروەها حوکمـــدانی لەســـەر ڕووداوەکـــانی ئاینـــدە هەڵپەســـاردووە. یەک لە کێشـــە بنەڕەتییەکانی جیهانبینیی گەشبینانە لەوەدایە، ئازار و نەهامەتییەکان لە بنکی بـــوونی مرۆڤـــدا نابینێـــت، ئـــازار وەک پێکهێنەرێکـــی هـــاوبەش لەنێـــو گشـــت مرۆڤەکانـدا لەقەڵەم نـادات، وەهـا پیشـان دەدات کە ئازارەکـان لە بژاردەکـانی خۆمانەوە هەڵقوڵاون و خۆمان لێی بەرپرسـین؛ بەڵام دوو کێشـەی سـەرەکی لەم ڕوانـگەیەوە سـەرچاوە دەگـرن: یەکەم؛ لەبەرئەوەی هاوبەشـێتیی ئـازار ڕەتـدەکاتەوە، ڕێگـرە لە چەکەرەکردنـی هاوسـۆزییەکی ڕاسـتەقینە لەنێـوان مرۆڤەکانـــدا و ناهێڵێـــت وەک «هاوئـــازار» لەیەکـــدی بـــڕوانن. دووەم؛ ئەم ڕوانـــگەیە بـــاری ئازارەکـــان دووقاتـــدەکاتەوە، ئەگەر قەرارە ئازارەکـــان بەرئەنجامی کاروکردەوەی خۆمان بێت، ئیتر لەپاڵ ئازارچەشتن، دەبێ باری هەستکردنبەگوناهیش هەڵبگرین و هەمیشە خەریکی لۆمەکردنی خۆمان بین. بەڵام ڕەشبینی جۆرێک لە دڵنەوایی تێدایە، بەو پێیەی تێدەگەین ئازارەکانمـان ڕێـکەوت و ڕیـزپەڕ نـین، بەڵکـو ئـازار بەشـێکی خۆڕسـکی بوونمـانە لەنێـو جیهاندا.

ڕەشـبینی هەڵوێسـتێک نییە بەرامـبەر جیهـان، بەڵکو ڕاڤەی جیهـانە. فەلسـەفە ڕەشـــبینەکان لەوە دەوڵەمەنـــد و چڕتـــرن، هۆکـــارەکەی هەروا بە ســـانایی بگەڕێنرێتەوە بۆ ژیـانی تـاڵی فەیلەسـووفەکان. ڕەنگە لە هەمـووان زیـاتر ئەم

تـۆمەتە بـدرێتەپاڵ ئارسـەر شـۆپنهاوەر، چـونکە ئەم فەیلەسـووفە بـۆتە سـیمبولی فەلسـەفەی ڕەشـبینی، ئیتـر ژیـانی کارەسـاتبار و تـاڵی ئەم فەیلەسـووفە دەکـرێتە پاسـاوێک بـۆ بەکەمزانینـی فەلسـەفەکەی. مێـژووی فەلسەفەش هێندەی گرنگی داوە بە ژیانی شۆپنهاوەر، هێندە گرنگی نەداوە بە فەلسەفەکەی، وەکبڵێی ئاشنابوون بە ژیانی فەیلەسووفێک بەس بێت بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەکەی.

بەبڕوای شۆپنهاوەر، ئازار ئامانجی سەرەکی و ڕاستەوخۆی ژیانە. خراپە و ئـازار پـۆزەتیڤن، چـاکە و چێـژ نێگەتـیڤن. زۆرجـار دەگوترێت چێـژ لە ئـازار زیـاترە، یـان هاوسـەنگییەک هەیە لەو نێوەنـدەدا، بەڵام نەوەک هەر هاوسەنگییەک نییە، بەڵکو ئـازار ڕێسـایە و چێـژ ئـاوارتەیە، واتە چێـژ حـاڵەتی غیـابی ئـازارە؛ بـۆ نمـوونە، ئەوکـاتەی ئـازاری سەرئێشـەیەکمان لەکـۆڵ دەبێـتەوە، کەمێـک هەسـت بە بەختەوەریـی و حەسـانەوە دەکەیـن. چێژەکـان هەردەم کەمتـر بەچێـژن لە چاوەڕوانییەکانمـان، بەپـێچەوانەوە ئازارەکـان بەئازارترن لە چاوەڕوانییەکانمان؛ بۆیە دەبینین چێژی خۆشترین خـواردن، هێندەی ئازار سەرئێشـەیەک کاریگەر نییە. بەبڕوای شۆپنهاوەر، بۆ ئەوەی بزانین چێژ و ئازار چەند ناوهاوسـەنگن، هێندە بەسە بڕوانینە هەستی دوو گیـانلەبەر ئەو دەمەی یەکێکیـان ئەویتریـان دەخـوات، هەرگیـز ئـازار و چێژەکەیـان یەکسـان نـین، ئەو چێـژەی دڕندەکە وەریـدەگرێت زۆر کەمتـرە بەراورد بە ئازاری نێچیرەکەی.

شۆپنهاوەر بەپێی نەریتی ئایدیالیزمی ترانسێندێنتاڵ ( Transcendental idealism) و لەژێر کاریگەریی ئیمانوێل کانتدا، پێی وایە ئەو جیهانەی مرۆڤەکان ئەزموونی دەکەن، جیهانی ئۆبێکتەکانی نێو کات و شوێن، بەتەنها لە شێوەی نواندنەوەدا (Representation) بوونی هەیە و بەندە بە درککردنی سوبێکتەوە (Subject)، نەوەک جیهانێکی سەربەخۆ بێت، بۆیە زانینی ئێمە دەربارەی ئۆبێکتەکان تەنها زانینە دەربارەی دیاردەکان (phenomena) نەوەک شتەکان لە خۆیاندا (Things in themselves). بەبڕوای شۆپنهاوەر **شت لە خۆیدا** یان جەوهەری هەموو شتێک بریتییە لە **ویست** (Will)، بۆیە جیهان وەک نواندنەوە هەر بەرجەستەبوونی **ویست**ـە. بەم پێیە جەستەی مرۆڤیش، هەر ئۆبێکتیڤبوونەوە و بەرجەستەبوونی **ویست**ـە. **ویست** جەوهەر و ناوکی هەموو شتێکە، هێزێکی کوێر و بێئامانج و بێباکە، لەپشت پاڵنەر و تەقەلا و ئارەزووەکانی مرۆڤەوە وەستاوە. ئارەزوو ، خۆزگە، داوا، هیوا، تاسە، عەشق، برسێتی، تووڕەیی، ڕق، ماتەم، ئازار و ژان، بەکورتی هەموو هەستوسۆزێک گرێدراون بە **ویست**ـەوە، بە قایلبوون یان ڕێگرییەکانی بەردەم **ویست**ـەوە، پەیوەستن بە سنووردارکردن یان جڵەوشلکردنی **ویست**ـەوە. تەنانەت بەشەکانی جەستەش شکڵگرتن و بەئۆبێکێتبوونەوەی ویستـن، بەو مانایەی هەر بەشێکی جەستە کارکردێکی **ویست**ـی ژیان دەنوێننەوە، تەنانەت بەقسەی شۆپنهاوەر «جەستەم و **ویست**ـم، یەک شتن"، بەم شێوەیە: بەئۆبێکتبوونەوەی **ویست** بۆ ڕێکردن (پێ)، بەئۆبێکتبوونەوەی **ویست** بۆ گرتن (دەست)، بەئۆبێکبوونەوەی **ویست**

بۆ وەچەخستنەوە (ئەندامی زاوزێ)، تەنانەت بە ئۆبێکتبوونەوەی **ویست** بۆ زانین (مێشک).

مادام جەوهەری هەموو شت و خۆشمان هەر **ویست**ە، ئیتر ژیانمان ئازارچەشتنێکی دووسەرەیە، دوو سەرچاوەی سەرەکی ئازار هەن، لەلایەک پێویستی و داواکردن، لەلایەکی تر وەڕسبوون. داوا و پێویستی بەرئەنجامی نوقسانییە، ئارەزووی نەهێشتنی ئەم نوقسانییە دەکەین. ئەمەش ئۆبێکتێکی **ویست** دەخاتە پێشمان کە پێویستە بەدەستی بهێنین؛ مەسەلەن، برسیتە، ئارەزووی خواردن دەکەیت و دەتەوێت برسێتییەکەت بڕەوێنیتەوە، تینوتە و ئارەزووی ئاو دەکەیت، بەدەستهێنانی ئەم ئۆبێکتانە دەبنە ئامانجێکی کاتی و تەقەلا دەکەیت بۆ بەدەستهێنانیان. خۆگرتنەوە لەم ئامانجانە دەبنە مایەی ئازار. بەڵام وەڕسبوون، پێچەوانەی داوا و پێویستی، بەرئەنجامی نەمانی نوقسانییە، بەرئەنجامی بەتاڵییە؛ ئەو دەمەی ئۆبێکتێکی نوقسان بۆ **ویست** نامێنێتەوە، ئیتر جەوهەرە ناوەکییەکەمان لە شکڵی تەقەلا و ویستندا لەبری ئارەزووکردن، دەگۆڕێت بۆ تاسەکردنێک بەبێ ئۆبێکتێکی دیاریکراو، لێرەشەوە وەڕسبوون وەک بارێکی قورس و بەرگەنەگیراو ئەزموون دەکەین، وەک بەتاڵییەکی ترسناک؛ بۆیە دەکۆشین بۆ لەکۆڵکردنەوەی ئەم وەڕسییە.

بۆیە بەلای شۆپنهاوەرە، بەدەستهێنانی بەختەوەرییەکی ڕاستەقینە و درێژخایەن ئەرکێکی ئەستەمە؛ چونکە ژیان لەخۆیدا هاتوچۆیەکە لەنێوان ئازار و وەڕسبووندا؛ هەموو ئارەزوو و چێژێک لەگەڵ تێربووندا کۆتایی

دێت، لەمەشەوە، تێربوون و بەختەوەری هیچ نییە بێجگە لە ڕزگاربوونێکی کاتی لە پێویستی و ئازار. ڕەنگە وەها بزانین هۆکاری ئازارچەشتنمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیوا و ئارەزووەکانمان بەدی نەهاتوون، ئەو شتانەی ئارەزوویان دەکەین و هێشتا بەدەستمان نەهێناون، ئەگەر بەدەستیان بهێنین، ئیتر دەرگای بەختەوەریمان بەسەردا والا دەبێت؛ بەڵام ئەوکاتەی شتە ئارەزووکراوەکان بەدەستدەهێنین، ئەوکاتەی هیواکانمان بەدی دێن، ئەوکاتەی پێویستییەکانمان پڕدەبنەوە، ئیتر تووشی وەڕسبوون دێین؛ دەسکەوتەکان دەبنە بارێک بەسەرمانەوە؛ بەمەش دوو ئەرک دەکەوێتە ئەستۆمان: ئەرکی یەکەم، بەدەستهێنانی شتەکەیە؛ ئەرکی دووەم، دوورخستنەوەی هەستی بەدەستهێنانی شتەکەیە، تاوەکو نەبێتە بار بەسەرمانەوە و تووشی وەڕسبوون نەبین.

ئەزموونکردنی چێژ و ئازار بەلای گیانلەبەرانەوە بەئاستێک جیاوازترە لە مرۆڤ. گیانلەبەران پڕاوپڕ لەئێستەدا دەژین، بۆیە بەبێ ترس و پەشیمانی و هەستکردنبەگوناهێک یان هەر دیاردەیەکی دەروونی، چێژ دەبینن؛ پێچەوانەی مرۆڤ، هیچ هیوا و چاوەڕوانییەکی ئەوتۆیان لە ئایندە نییە، ئەمەش چێژە هەنوکەییەکەیان تێکنادات. وەختێک هیوا بۆ شتێک دەخوازین و چاوەڕێی دەکەین، ئەودەمەی پێی دەگەین کەمتر چێژی لێ دەبینین، چونکە هەردەم شتەکان و سەرپاکی واقیع کورتهێنترن بەراورد بە چاوەڕوانییەکانمان، ئەمەش سەرچاوەی ناکامییە. وەلێ گیانلەبەران ئەم ناکامییە ئەزموون ناکەن، چونکە هیوا و چاوەڕوانیان بۆ ئایندەیەکی باشتر نییە. ترس و هیواکان، وردە چێژە هەنوکەییەکانیانی گیانلەبەران بەخەسار

نـــادەن. **ویســـت** لە ئەســڵدا یەک و **گشـــت**ــــە، بەڵام مرۆڤەکـــان **ویســـت** پارچەدەکەن، بەهۆی ڕوانین لە خۆیان وەک تاک و خاوەن ویستی تایبەت. ویستی هەر تاکێک پارچەکردنی **ویست** ی ڕاستەقینەیە، هەر تاکێک تەقەلا دەکات بۆ جیهانێکی ناکۆتا و دەرەکات (Timeless)، وەلێ هەرگیز پێی ناگات چونکە **گشت** نییە. هەر ئەمەش لە گیانلەبەران جیایان دەکاتەوە و ژیانێکی ناکام و بێهودە دەبێتە قسمەتیان. باشترە لەوە بگەین، نەوەک هەر ئێمە بەڵکو هەموو مرۆڤەکان پارچەی شکاوی **ویست** ن، گشت مرۆڤێک هەڵگری ئەم خەســڵەتەیە، ئەمەش هەســتی تەنهــایی کەمتــر دەکـــاتەوە و هەستکردن و تێگەیشتمان لەوانیتر زیاتر دەکات، بەمانایەکی تر، هاوسۆزتر دەبین بەرامبەر ئەوانیتر. بە دیدی شۆپنهاوەر، ئەم درککردن بەم ڕاستییە تاڵە، ئەم نارەحەتییەی مرۆڤەکان تێیدا هاوبەشن و هەموویانی کردووە بە «هاوئازار»ی یەکدی، پێویستە پڕمان بکات لە لێبووردەیی دەرهەق بەوانیتر، گرنگتـــرین شـــتەکانی ژیانمـــان بیردەخـــاتەوە: خـــۆڕاگری و ئـــارامگرتن و خۆشویستنی دراوسێ و هاوسۆزی.

پـــێچەوانەی ڕوانینـــی بـــاو، جەختکـــردنەوە لە بێهـــودەیی ژیـــان بەنیســـبەت شۆپنهاوەرەوە، سەرناکێشێت بۆ ستایشکردنی خۆکوژی. چونکە خۆکوژی هـــیچ ڕزگـــارییەک لەخۆناگرێـــت، نـــاچێتە خزمەتـــی ئامـــانجە بڵنـــدەکەوە کە نکـــۆڵیکردن و دەســـتبەرداربوون لە **ویســـت** یـــان بێویســـتییە. نەوەک هەر نکـــۆڵیکردن لە **ویســـت** نیـــیە، بەڵکـــو دووپـــاتکردنەوەی **ویســـت**ـــە. هەرچەن شۆپنهاوەر خۆکوژی بە تاوان نازانێت، وەلێ بەلایەوە کردەیەکی گەمژانەیە و ڕێگەیەکی دیکەی خۆفریودانە. ئەگەر خۆکوژی ئەزموونێک بێت، پرسیاری

مـرۆڤ بێت لە سرووشـت، بـۆ درککـردن بە سرووشـتی شـتەکان، هێشـتا ئەزموونێکی گەمژانەیە، چونکە لەگەڵ خۆکوشتندا ئەو ئاگاییە لەناودەچێت کە پرسیار دەکات و عەودالّی وەڵامە. لەگەڵ ئەوەشدا، خۆکوژەکان مرۆڤگەلێکی پڕ لە چاوەڕوانین، ئەوانەن چاوەڕوانییەکانیان لە ژیان بەدی نەهـاتووە، بۆیە پێشـوەختە تووشـی بەدحـاڵیبوون هـاتوون دەربـارەی سرووشـتی ژیـان و هاوسەنگیی نێوان چێژ و ئازار. ئەوەی خۆی دەکوژێت، خوازیـاری نەبوون نیـیە، بەڵکـو هیـوای بە ژیـانێکی باشـتر هەبـووە و ڕووبەڕووی ئاسـتەنگ و تەنگوچەڵەمەکانی ژیان بۆتەوە، ئەمەش نائومێدی کردووە.

یەک لە ڕێگەکـان بـۆ گەیشـتن بە حـاڵەتێکی ئاسـوودەی ئاگـایی، بـریتییە لە درککردنـی ئێسـتاتیکی. لێرەدا تاکایەتی خۆمـان لەیـاد دەکەیـن، لە درککردنـی ئێسـتاتیکیدا، بـۆ نمـوونە، ئەو دەمەی دەڕوانیـنە دار هەنارێـک ئەوا لەم تـاکە درەختەوە درک بە ئارکیتایپی (Archetype) هەموو دار هەنارەکان دەکەین. بەبڕوای شۆپنهاوەر پێویسـتە چۆنـایەتی سـوبێکتی سـەر بە ئەزمـوون، هاوتـا بێت لەگەڵ ئۆبێکتی ئەزمـوون، بۆیە لە حـاڵەتی درککردنـی ئێسـتاتیکیدا مـادام ئۆبێکتەکان گشتەکیین، ئەزموونی سوبێکتیش گشـتەکی دەبێتەوە و درکک بە سـیفەتە گشـتەکییەکان دەکـات. واتە بەڕادەیەک تێپەڕانـدنی جیهـانی ماتریـاڵە، تێپەڕانـــدنی جیهـــانی ئۆبێکتەکـــانی نێـــو کـــات و شـــوێن. بـــۆیە بەلای شۆپنهاوەرەوە، بۆ درککردن بە جیهان بەتەنها ڕێگەی زانستی و میکانیکی و هۆکارێتی بەس نییە، بەڵکو ڕەنگە ڕاستەڕێگاکە، ڕێگەی درککردنی ئێستاتیکی بێـت لەڕێـگەی هـونەرەوە. ئـا لێـرەوە، شـۆپنهاوەر ڕوانـگەی خـۆی لەمەڕ هونەرەکـان دەخـاتەڕوو. هـونەرە ئەدەبـی و دیـدەکییەکان دەبەسـتێتەوە بە

جیهان وەک نواندنەوەوە لە حاڵەتی بەئۆبێکتبوونەوەیەکی بێنێوانگیردا، واتە سەر بە ئایدیای ئەفلاتونی و پێچەوانەی بازنەی ئۆبێکتەکانی نێو کات و شوێن. بەڵام شۆپنهاوەر مۆسیقا لە هونەرە دیدەکی و ئەدەبییەکان جیادەکاتەوە، لەنێو جیاکارییە گەردوونییەکەی سوبێکت-ئۆبێکتدا، مۆسیقا دەداتەپاڵ جەمسەری سوبێکتیڤی ئەم جیاکارییە. بەبڕوای وی، مۆسیقا لە هەموو هونەرەکانی تر زیاتر میتافیزیکییە. شۆپنهاوەر بە جەختکردنەوە لە جیاوازی نێوان بونیادی مۆسیقا لەگەڵ بونیادی جیهانی ماتریاڵ، بانگەشەی ئەوە دەکات مۆسیقا سەر بە نواندنەوە نییە و نوسخەی خودی **ویست**ـە. پێچەوانەی پێکهێنەری هونەرەکانی دیکە، نۆتە وەک پێکهێنەری مۆسیقا هیچ شتێک نانوێنێتەوە. وشە و ڕەنگەکان لە دەقە ئەدەبییەکان و تابلۆکاندا گوزارشتن یان نواندنەوەی کۆمەڵە ئۆبێکتێکن، وەلێ نۆتە نواندنەوەی هیچ شتێک نییە. لێرەوە مۆسیقا حاڵەتێکی زەینی ئارام و بڵند دەئافرێنێت، چونکە لە فۆرمێکی پەتیدا هەستەکانمان بەرجەستەدەکات، دوور لە هەلومەرجی ڕۆژانەی هەستەکان، واتە لێرەدا درک بە جەوهەری ژیانی عاتیفیمان دەکەین (خۆشی لە خۆیدا، خەم لە خۆیدا و هتد) دوور لە ناوەڕۆکە ڕۆژانەیی و ڕاگوزەرەکانیان کە زۆرجار سەرچاوەی ئازارن. ئەم نزیکبوونەوە ئێستاتیکییە لە جیهان، نزیکایەتییەکی عیرفانی و زاهیدانەیە، تێپەڕاندنی چێژ و ئازارە جەستییەکانە، کە هۆکارە سەرەکییەکەی پێداگرییە لەسەر تاکەیەتی و ئیگۆیزمێکی بێهودە.

لێرەوە، شۆپنهاوەر نکۆڵی و دەستبەرداربوون لە ویستی ژیان پێشنیاردەکات، وەک جۆرێک لە ئەزموونی زاهیدانە و خۆگرتنەوە و خاڵی لە

**ویســت**، لەڕێــگەی زاڵبــوون بەســەر ئــارەزووە تاکەکەســییەکانمانەوە، وەک ئەوەی لە جیهـانبینی بودیزمـدا دەبینرێت. هەڵبەت گەیشـتن بەم ئەزمـوونەش هەروا ســادە و ئاســان نیــیە. لەم حــاڵەتەدا، خــودی گشــتەکی دەکەوێــتە ململانێیەکەوە لەگەڵ خودی تاکەکەسی و جەستەمەند، زانینی پەتی دەکەوێتە ململانێــیەکەوە لەگەڵ **ویســت**ــی حەیــوانی و غەریزیــی، تێکۆشــانێکە دژی سرووشــت لەپێنــاو بەدەســتهێنانی ئــازادی. ئەم تێکۆشــانە لەپێنــاو زوهــد و خۆگرتنەوە، تێکۆشانە دژ بە هێزی توندوتیژی و خراپە، چونکە پشتبەست بە ئەپســتمۆلۆژیای کــانتی [ئیمانوێــل کانــت]، شــۆپنهاوەر پێــی وایە ئەم هێــزانە لەنێو سرووشتی مرۆڤدا جێگەدەگرن، بەمەش دەکرێت هێزی توندوتیژی و خــراپە لەنێــو سرووشــتی مرۆڤــدا دەستنیشــان بکرێــت. ئەو دەمەی مــرۆڤ لەڕێگەی زوهدەوە بەسەر سرووشتی خۆیدا زاڵدەبێت، ئیتر کێشەی خراپەش چــارە دەبێــت، چــونکە لەڕێــگەی ڕیشەکێشــکردنی ئاگــایی بەشــەکی و تاکەکەسییەوە، سـەرتاپای حـاڵەتی شـوێن-کـات ئاوادەبێت، ئەو حـاڵەتەی لە چوارچێوەیدا توندوتیژییە ڕۆژانەییەکان ڕوودەدەن.

# بەرزەفڕیی هیوا

## «ڕانان بۆ دەقی "هیوا بەبێ گەشبینی"ی تێری ئیگڵتۆن»

**ن: جەستن ڕەینۆڵدس**

و. بۆتان بەختیار

هیوا چیە؟ ئەوە بە چ مانایەک دێت هیوا بەوە بخوازیت ساڵی ٢٠١٦ باشتر بێت لە ٢٠١٥؟[7] لەگەڵ پێخستنە ساڵی نوێماندا نوێترین کتێبی تێری ئیگڵتۆن «هیوا بێ گەشبینی»[8]، تێرامانێکی کورت بەڵام چڕمان لەمەڕ مانای چەمکێکی بەحسێب-سادە دەخاتەبەردەست، کە لە پێناسەکردن هەڵدێت. ئیگڵتۆن هەر لە سەرەتاوە تێبینییەکی هۆشیارکەرەوە دەخاتەڕوو:

*«هەروەک چۆن بۆ کەسێک کە پەرداخە گریمانەییەکە نەک تەنیا نیوەیە، بەڵکو تا ئاستێک دڵنیایە شلەیەکی ناخۆشی بکوژیشی تێدایە، منیش ڕەنگە شیاوترین نووسەر نەبم تا لەمەڕ هیوا بنووسم».*

بەڵام زانستە بەرفراوانەکەی لە کایەکانی وەک ئەدەب، فەلسەفە، سیاسەت و تیۆلۆژیاوە، هەروابێتەوە هەڵگێڕانەوەی ژیرانەی دەستەواژەکان، هۆکاری

---

[7] ئەم وتارە ساڵی ٢٠١٦ نووسراوە

[8] Hope without optimism

سەرهەڵدانی ڕێبەرییەکی وردە –هەرچەند هەنێ جار زۆریش ڕێک نیە- بۆ مێژووی تێڕامان لە بابەتەکە.

## هیوا ≠ گەشبینی

وەک ئەوەی لە ناونیشانی کتێبەکەڕا دیارە، ئیگڵتۆن پەرۆشی ئەوەیە هیوا (hope) لەگەڵ گەشبینی (optimism)دا تێکەڵ نەکرێت. لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا، کە تەرخانە بۆ شیکردنەوەی مانای دوو وشە [هیوا و گەشبینی] وا زۆرکات بەئاڵوگۆڕەوە بەکاردەهێنرێن، ئیگڵتۆن لە هەوڵدایە ئەوە ڕوونبکاتەوە گەشبینی چەمکێکە زۆر لاوازترە لە هیوا: [گەشبینی] دۆخێکی بێتێڕامانە کە ڕەتیدەکاتەوە ڕووبەڕووی ئەو بەربەستە کەللەڕەقانە ببێتەوە، وا جیهان دەیخاتە بەردەم درککردنمان بە ئامانجەکانمان، هەستێکی سوبێکتیڤ (کەسی)ـە بەوەی شتەکان بە باش وەردەگەڕێن، ئەویش لەبەر هیچ هۆکارێک نا، تەنیا ئەوە نەبێت کوێرانە پێ لەسەر ئەوە دادەگیرێت کە شتەکان بە باش وەردەگەڕێن.

*«گەشبینیش وەک ڕەشبینی، تەنیا شتێکی یەکرەنگ[9] بە جیهاندا بڵاودەکاتەوە، کوێرە لە ئاستی وردەجیاوازی و جیاکارییدا»*[10].

لە دیدی ئیگڵتۆندا، ڕووانگەی لەخۆڕازیی کەسی گەشبین پاڵپشتی ئایدۆلۆژیای **پێشکەوتن**[11]ـە، واتە ئەو ئایدیایەی وا ڕەوتی مێژوو

[9] لە دەقە ئینگلیزییەکەدا monochrome glaze هاتووە کە جۆرە شووشەیەکی تایبەتی یەکڕەنگە. ئێمە بۆ ئاسانکاری شووشەکەمان دانەناوەتەوە- و
[10] هەموو ئیتالیکەکان لە دەقەکەی ئیگڵتۆنەوە وەرگیراون-و
[11] Progress

بەزەروورەت ڕەوتێکی ئەرێنییە، هەروابێتەوە بەرەوپێشچوونی یەکبینەی ئەخلاقی، کەلتوری، تەکنەلۆژی و سیاسی بەتوندی بەسراوە بە بونیادی جیهانەوە. ئەمە لە کاتێکدا باوەڕ بە پێشکەوتن کۆمۆنسێنسێکی سادەیە[12]- واتە باوەڕ بەوەی گۆڕانەکانی ناو ڕەوتی مێژوو زۆرینەیان بەرەو باشتر بوون-، بانگەشەکەرانی **پێشکەوتن** شتەکان لە ئاستی خۆی زیاتر ڕادەکێشن، ئەویش بە پێداگریی لەوەی هەندێ نمونەی گۆڕان بەرەو باشتر پێکڕا دەرخەری ئەوەن مێژوو- وێڕای هەندێ لەڕێدەرچوون- بەجەوهەر لەناو ڕچە و ڕەوتێکی ئەرێنی‌دا گیریکردووە.

عادەتەن وەها ڕەچاو دەکرێت ئەو ئایدیا بەنەشەیەی هەردەم شتەکان بەرەو باشتر دەڕۆن، سەر بە مێژووی ئایدیاکانە، لقێکی یۆتۆپیی لیبرالّیزمی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمە و لەلایەن ڕووداوە تالّەکانی سەدەی بیستەمەوە ڕیسوا کراوە. بەلّام ئیگلّتۆن تێبینی ئەوەی کردووە [ئەم گەشبینییە ئایدۆلۆژییە] تا ئەمڕۆکەش لەناو برێک لە ئایدۆلۆژیا ئازادیخوازەکان[13]دا هەر دەژی و بەباشی ماوەتەوە. خەبەردەری تەکنۆ-یۆتۆپیانیزمە گشتگیرەکەی جیهانی ئەمڕۆمانە، باوەڕێکی ڕووگەشی کالیفۆڕنییە بە توانای تەکنەلۆژیا لە ڕاستکردنەوەی کێشەکانماندا، باوەڕێکی چارەسەرگەرایانەیە بەوەی ئەندازیاران وەکچۆن کێشەی سۆفتویرێک دەستنیشان دەکەن، ئاواش دەتوانن کێشەی هەسارەکەمان بۆ چارە بکەن- ئەویش بە مەرجێک سیاسییە دەستێوەردەرەکان لە ڕێیان لاچن. جا گریمانەیەکی پێشکەوتنیش خۆی ئاخنیوەتە هەناوی ئابوریی ئازادیخوازانەوە، لە باوەڕبەخۆبوونە ئارامە

[12] Plain common sense
[13] Libertarian ideologies

نیۆلیبراڵەکەدا دیارە، ئەوەی کە گەمەی بێسنووری هێزەکانی بازاڕ هەردەم کار بۆ ئازادکردنی ماتەوزەی مرۆڤ و بەدەستهێنانی سەرکەوتنی گەورەتر دەکەن.

یەکێک لە چێژەکانی خوێندنەوەی ئیگڵتۆن داهێنەریتیی هەمیشەیی وییە لە دۆزینەوەی ڕێگەی نوێدا بۆ ڕیسواکردنی باوەڕە فشۆڵەکان بە چاکەخوازیی کاری بازاڕ، لێرەشدا هیچ نائومێدییەک ناکات، تیشکی ئاگرە وێرانکەرەکەی دەخاتەسەر کتێبە لێبووردنخوازە ئازادیخوازەکەی *مات ڕیدڵی*: «گەشبینی ئەقڵانی»[14].

ئیگڵتۆن ئەوە ڕادەگەیەنێت، ڕیدڵی لە هەوڵدایە خۆی لەو بیرۆکەیە لابدات کە جیهان لەناو هەر جۆرێک لە یۆتۆپیای بازاڕی ئازاددا بێت، تەنانەت دوای چەند دەیەیەکیش لە جیهانگیری هێشتا گەرەکە زۆر زیاتر ئەنجام بدرێت بۆوەی سەدان ملیۆن کەس لە هەژارییەکی دژوار دەربهێنرێن. هەروابێتەوە لەوەشدا هاوڕای ڕیدڵییە، کە جیهان بەم چەند ساڵەی دوایی هەندێک بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە: گەشەسەندنی زیاتر لە چین و هیندستان بەدیدەکرێن، ئینجا تەکنەلۆژیا بەردەوامە لەوەی چارەسەری بیۆێنە بۆ هەندێک کێشەی بێچارەسەر بدۆزێتەوە. بەڵام بە لای ئیگڵتۆنەوە، شیکارییەکەی ڕیدڵی بەهۆی وێنەیەکی ساختەی پێشکەوتنەوە تەفرەدراوە. ڕیدڵی پێیوایە مۆدێرنەی سەرمایەداری هێزێکی ڕوونە لەپێناو چاکەدا،

---

[14] The Rational Optimist

شەمعێکە سەبرسەبر جیهان ڕووناک دەکاتەوە، ئەو گیرفانە مەحروومە تاریکانە ڕووناک دەکاتەوە کە ڕێی لێیان دەکەوێت. پێشکەوتن وەختێک بەگەڕدەکەوێت، ئەگەر پرۆسەی جیهانگیری خێراتر بکرێت بۆ ئەوەی هێزەکانی بازاڕ هەلێکی گەورەتریان بۆ بڕەخسێت تاکو جادووەکەیان بخەنەکار.

ئیگڵتۆن ڕای وایە شتەکان لەمە تراژیدیترن. ئەو پرۆسەی گۆڕانانەی ڕیدڵی پێیاندا هەڵدەدات، بە دەستێک شتەکان دەبەخشن و بە دەستەکەی تریان وەریدەگرنەوە. جیهانگیری و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا وەک بۆکسەکەی پاندۆرا، دێودرنجی نوێ و هەروابێتەوە ڕۆحی پێشکەوتنیش بڵاودەکەنەوە. گەشەسەندنی بازاڕ خۆشگوزەرانیی بۆ هەندێک هێناوە، بەڵام چارەڕەشییش بۆ هەندێکی تر. گۆڕانی پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکان لەپێناو گەشەسەندنی جیهاندا، جیهانی پێشکەوتوویان شپرزە کردووە، ئینجا درووستکردنی هێزی کاری گەورەی جیهانی لە گەڕان بەدوای دابینکردنی نوقسانی کاری شایستەدا، سەریکێشاوە بۆ بڵاوبوونەوەی ناسەقامگیریی ئابوریی لە سەرانسەری دنیادا. تەکنەلۆژیای نوێ، لەپەنا هەموو ئەو قازانجە گومانلێنەکراوانەدا کە دەیبەخشێت، پتر لەڕێگەی ئۆتۆماسیۆنەوە هەڕەشە دەخاتەسەر گوزەرانی خەڵک؛ جا ڕێی خۆشکردووە بۆ گەشەپێدان و خراپبەکارهێنانی چەکسازیی و تەکنیکی چاودێریی پێشکەوتووتر. بێگومان گەشەی خێرای ئابوری هەڕەشەیە بۆ سەر توانای پاڵپشتیی زەوی [بۆ خودی پرسی ئابوری].

له چاوی ئیگڵتۆندا، گەشەسەندنی کەمتەرخەمانەی سەرمایەدارانە بە ناکۆکی و پارادۆکس قڵیشی بردووە، حەکایەتێکی ئاڵۆزە هەم سەرسامی و هەم تۆقینیش دەخاتەوە:

*«کێشەی مرۆڤایەتی هەر بەسادەیی کەمیی هێز یان سامان نیە، بەڵکو ئەو توانستانەیەتی کە زۆر بەباشی پەرەی پێ داون. ئەوە بەرزەفڕی [و پێشکەوتن]ە خستوویەتیە مەترسییەوە، نەک دواکەوتوویی. گەر مێژوو تۆماری گەشەی مرۆ بێت، لە هەمان کاتدا مۆتەکەیەکیشە مێشکی زیندووان ناهومێد دەکات».*

## هیوا ≠ ئارەزوو

بە دیدی ئیگڵتۆن، لێتێکچوونێکی تری باو تێکەڵکردنی هیوا و ئارەزوو[15]ە. حەتمەن دەشێت وەک جۆرێک لە ئارەزوو لە هیوا بنوارین: دەشێت ئارەزوو بەبێ هیوا بوونی هەبێت، بەڵام هیوا بەبێ ئارەزوو نابێت. ڕایەکیش هەیە پێیوایە دەشێت وا لە هیوا تێبگەین، کەڵکەڵەیەکی نەبڕاوەیە بۆ داهاتوویەکی باشتر، ڕەتکردنەوەیەکی عینادانەی دەستهەڵگرتنە لە ئیمکانی بەرەوپێشچوونی شتەکان- تەنانەت لە ناوەڕاستی شکست و کەوتنیشدا.

بەڵام لای ئیگڵتۆن، فامکردنی هیوا وەک توخمێکی بێقەیدوشەرت تا ئەوپەڕی دەڕوات؛ کردەی هیواخواستن لە هەموو بناغەیەکی جیهانی ماددی دادەبڕێت و دەیباتەناو چۆنێتییەکی عیرفانیی پەنهانەوە. ئەو چەمکی ناسکی

---

[15] Desire

«هیوای موتڵەق (absolute hope)» هەڵدەگرێتەوە؛ ئەویش بەو جۆرەی *گابریەل مارسێلی* بوونگەرای کاریگەری مەسیحی وەک نوێنەرەوەی ئەم تێڕوانینە ڕوونیکردۆتەوە. لای مارسێل، هیوا بێقەیدوشەرت ڕوو لە داهاتووە، پێداگرییە لەسەر باوەڕێکی جێگیر بەوەی لە کۆتاییدا هەموو شتێک باش دەبێت، ئەویش بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو بناغە ئەقڵانییانەی کە دەشێت لەوێدا هەبن بۆ بیرکردنەوە لەوەی ئاخۆ شتی وا ڕوودەدات (یان نا).

*«ئەوەی مارسێل پێی دەڵێت هیوا، بەرمەبنای ئەزموون نەڕسکاوە، هەر حساب بۆ ئەزموونیش ناکات، [بەڵکو] لە وێرانەکانی هەموو هێڤی[16]یەکەوە قیت دەبێتەوە. هەموو حیسابوکیتابێک ڕیسوا دەکات، هیچ سنور یاخۆ مەرجێک بۆ خۆی دانانێت، یەقینێکی سابتی هەیە، بەرەنگارە دژ بە بێهیوایی، "لە دەڤەری ئاساییشێکی میتافیزیکیی ڕەبەقدا[17]" دەژی».*

هیوا لێرەدا ئارەزوویەکی لەسەرخۆیە بۆ داهاتوویەکی تەمومژاوی، کە لەودیو توانای زمانەوەیە بۆ وەسفکردن، نەسویوە لە هیچ هەلومەرجێکی ماتریاڵی بنچینەیی. لە ڕووانگەی ئیگڵتۆندا، ڕاڤە ڕاپسۆدییەکەی مارسێل نمونەیەکی پاراوە بۆ مەیلی ئەو فەیلەسوفەی هیوا وەردەگەڕێنێتە سەر ئایدۆلۆژیا. ئەوەش ڕاستە هەریەکە لە هیوای ئایینی و سیکۆلاریش پێویستیان بە خاکینەییە، [پێویستە] ڕایەکی وا هەبێت ئۆبێکتی هیواکەیان ناڕۆشنە، "تەنیا بە شێوەیەکی پەنهان لەڕێی چاویلکەیەکەوە" دێتە بەر دیدە.

---

[16] Aspiration
[17] Zone of utter metaphysical security

بەڵام بۆ ئەوەی شایستەی ناوەکە بێت [واتە شایستەی ئەوە بێت پێی بوترێت هیوا]، ئەوا پێویستە کاتی‌ترین و تەمومژاویترین هیواش ناوەڕۆکێکی هەبێت، نەخشەیەکی هەبێت، هەرچەند جێبەجێکردنیشی ئەستەم بێت. بەس بۆ مارسێل، گەرەکە هیوا ڕووناکییەکی سپیی خاڵیس بێت؛ ئارەزوویەکی درەوشاوەیە [بەڵام] بۆ هیچ شتێکی تایبەت نا. دەشێت هەست بەوە بکرێت هیچ دۆخێکی خۆشگوزەرانیی لە داهاتوودا، جێی ڕەزامەندیی مارسێل نیە:

*«تاکە مەسیحا [ڕزگارکەر] کە دەشێت بێهیوامان نەکات، ئەوەیە کە هەرگیز دەرناکەوێت [نایەت]»*.

ئیگڵتۆن یەک فەسڵی تەواو بۆ بیریارێکی سیکۆلاری کاریگەر تەرخان دەکات، کە ئەویش کەوتۆتە بەر هەمان هاوکێشەی هیوا و ئارەزوو، ئەو بیریارەش ئێرنست *بلۆخی* مارکسیستی ڕازئامێزە، وا ڕەنگە لێکۆڵینەوە ماندووکەرەکەی «**پرەنسیپی هیوا**[18]» درێژترین هەوڵی فەلسەفی بێت بۆ دەرکێشانی هەموو وردەجیاوازییەکی درکپێکراوی وشەکە [واتە تەڵتەڵ دەرهێنانی هەموو مانایەکی مومکینی هیوا]:

*«ڕەنگە کارەکەی بلۆخ لە مێژوونامەی مارکسیستە ڕۆژاواییەکاندا خوازراوترین نەبێت، بەڵام تا هەنوکە درێژترینە»*.

بلۆخیش چوون مارسێل وەک ویستێک ڕووەو جیهان لە هیوا تێدەگات، ئارەزوویەکی بێ‌باکە کە بەدیهێنانی هەر ئامانجێکی تایبەت تێدەپەڕێنێت. بە

[18] The Principle of Hope

دیدی بلۆخ، مە بەسرووشت هەبووی نائارامین، ڕوومان هەمیشە لە داهاتووە، هەمیشە ڕووەو پێش وەستاوین:

*«ناتوانین ڕاستەوخۆ داهاتوو بناسین، بەڵام بە ڕای بلۆخ هەمیشە هەست بە ڕاکێشانە تارماییئاساکەی دەکەین، وەک هێزێک کە بۆشایی بە حەقیقەت دەپێچێتەوە. لەناو سرووشتی تەواونەکراوی ڕاستەقینەدا دەدۆزرێتەوە، وەک کونێک لە هەناویدا».*

بێشک بلۆخ پێیوایە هیوا دەرکەوتەی مرۆیی دینامیکی ناوەکیی خودی ماددەیە. جووڵەی هەمیشەیی و زووتێپەڕی جیهان، نیشانەی دینامیکێکە لەناو بونیادی ئەو گەردوونەدا کە ڕوو لە ناکۆتایە: خودی جیهان ئارەزووی باشتربوونی بەردەوامی خۆی دەکات.

هەروەک پڕ ڕەمزوڕازەکانی وەک مارسێل، ئاسانە هێزی پەخشانە دەوڵەمەندە میتافۆڕییەکەی بلۆخیش لەگەڵ خۆیدا بتبات، کە یۆتۆپیانیزمێکی چاوگەش هەڵیدەسووڕێنێت. بەڵام ئیگڵتۆن ئەو خاڵە ڕوونەش تۆماردەکات، کە هیچ ڕوون نیە ئاخۆ گواستنەوەکە هەردەم بەزەرروورەت باش دەردەچێت [واتە جووڵە و گواستنەوە ڕووەو داهاتوو مەرج نیە بەزەرروورەت ئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە]. گۆڕانێکی بەپیتیش دەبێت لە هەمبەر حوکمی پێوەرە ئەخلاقییەکاندا کراوە بێت. گۆڕان هەردوو چەمکی پاشداچوون (decline) و گەشە (growth) لەخۆدەگرێت. دەکرێت هیوا شێوازێکی ئارەزوو بێت، بەڵام ئارەزوویەکی ئەقڵانییە، وا دەشێت ڕووەو ئامانجی دیاریکراو ڕابهێنرێت.

*«دەکرێت هەرتک هیوا و ئارەزوو پەروەردە بکرێن و خۆراکیان بدرێتێ، فێرببن ئەو شتە بە ئامانج بگرن کە لە ڕووی ئۆبێکتیڤەوە باشە؛ ئەمە لە هەردوو حاڵەتەکەشدا [هیوا و ئارەزوو] پێویستی بە دەستێوەردانی ئەقڵە. ئەقڵ هەر بەسادەیی ئەو کاتە نایەتە ناو وەزعەکەوە کە پرسیاری چۆنێتیی بەدیهێنانی هیوا یان ئارەزوو دێتە ئارا... بەڵکو نامەعلوومانە پێویستە هەر لە سەرەتاوە ئامادەیی هەبێت».*

ئیگڵتۆن، پێیوایە ئەو نۆتە توندەی دەنگ دەداتەوە لە فەلسەفە بەگوڕەکانی هیوا لای مارسێل و بلۆخ و هاوشێوەکانیان، قەرزاری نووسینیانن لە هەندێک لە تاریکترین ماوەکانی سەدەی ڕابردوودا، مارسێل لە فەڕەنسای ١٩٤٠ی داگیرکراو لەلایەن نازییەکانەوە، بلۆخیش لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی بندەستی ستاسییەکان. هەریەکەیان توانیان ئایدیالی دەستلێنەدراوی بڵندی هیوا گەشەپێبدەن، کە لەناو ئەو تاریکییەدا بدرەوشێتەوە وا دەورەی داون. لە سەروەختی بێهیواییدا، نووسینی ئاڵۆزی وەک ئەوەی وان لەمەڕ هیوا سەرهەڵدەدات، [ئەم نووسینانە] قسە لەگەڵ پێویستیی قووڵی مرۆڤدا دەکەن بە باوەڕهێنان بە گۆڕان، تەنانەت ئەو کاتانەشی بناغەی ئەقڵانی بۆ ئەو باوەڕەش کەمە.

## دژ بە هیوا

ئیگڵتۆن زۆرجار بەئاسوودەییەوە ڕوو لەو نەریتە فەلسەفییە بەبایەخانە دەکات، کە دەپرسن ئاخۆ هیوا هەر بەڕاست هیچ بەهایەکی هەیە؛ ئاگاداری فریودەریی چەمکە و مەیلیەتی بە لای سەرپێخستنی ڕاڤەی دەمارگیرانەدا، و ئاگاداری هەڕەشەی هیوای ساختەشە کە ئارامیی دەروونی دێنێت.

ئیگڵتۆن بە ڕێزێکی زۆرەوە باسی ئەپیکورییەکان و ڕەواقییەکان دەکات، چونکە لای وان ژیانێکی عاتیفیی ڕێکخراو پێویستی بە وەلانانی هیوا و ئەو پشێوییە هەیە، کە دەشێت بیخاتە ناو فەزایەکی دەروونیی بەدیسپلینەوە:

*«ئارامیی، یان ڕاحەتیی دەروون بە وەدەرنانی ئەگەرەکانی داهاتوو دەپارێزرێت. دڵنیابوونەوە لەوەی سەرکەوتنەکان بچوکن، گەرەنتیی ئەوەیە هاوپێچ شکستەکانیش کەمن. گەر ژیانی باش خود-کۆنترۆڵکردنێکی لەسەرخۆ بێت، گەرەکە هەردوو هیوا و بێهیوایی جێبهێڵین. فرێدانی داهاتوو، چارەسەری دەماودەمی دڵەڕاوکێیە».*

ئیگڵتۆن هاوسۆزی دووبارەکەرەوەکانی ئەم نەریتی حیکمەتە کۆنەیە، لەوانەش ڕەتکردنەوەی شکۆداری هیوای ساختە کە لە فەلسەفەکەی *ئارسەر شۆپنهاوەر* و ڕۆمانەکانی *تۆماس هاردی*دا دەیبینینەوە، ئینجا سوچێکی دیاریکراوی کۆنزەرڤاتیزمی سیاسیی بۆرکی بەئاگادارییەوە لە ڕیفۆرمی ڕادیکاڵ. کەسی کۆنزەرڤاتیڤ (موحافیزکار) بێ هیوا نیە، تەنیا ئەوەندە

دەخوازێت داهاتوو لە حاڵی حازر خراپتر نەبێت، هەروابێتەوە پارێزگاریی لە هەندێک لە باشترین نەریتەکانی ڕابردوو دەکات.

## هیوا لە دیدی ئیگڵتۆندا

لە کۆتاییدا، ئیگڵتۆن، ئەم سیاسییە ڕادیکاڵە هەمیشەییە، بێشک بەهایەک لە هیوادا دەبینێت؛ لە کۆتایی کتێبەکەشیدا پێناسەی خۆی بۆ دەخاتەڕوو. وی لای وایە، هیوای ڕاستەقینە گەرەکە ڕەهەندی ئەخلاقی هەبێت و لە کۆتاییدا سەروکاری لەگەڵ چاکەی گشتیدا هەبێت، نەک تەنیا چاکەی خۆمان؛ ئینجا دەبێت جێمتمانە بێت، حسێب لەسەر هەموو ئەو بەربەستانە بکات وا جیهان دەیخاتە بەردەم بەدیهێنانیەوە. دەبێت ئاڕاستە بکرێت و بە جۆرێک لە جیهاندا جێگیربکرێت وەک ئەوەی هەیە، دەبێت کراوە بێت بە ڕووی ئەگەری شکستدا:

*«تراژیدیا سەروکاری لەگەڵ ئەو شتەدا هەیە، کە پاش کورتبوونەوەی مرۆڤایەتی بۆ ئاستی هیچ، ماوەتەوە. هەر پاشماوەیەک بمێنێتەوە، هەر شتێک ڕەتیبکاتەوە بڕوات، بێشک ئەوەیە دەتوانین شتی لەسەر بونیادبنێین. هیچ شتێک بە دەوری تەوەرەکەی خۆیدا ناسووڕێتەوە بۆوەی ببێتە شتێکی تر».*

هەرچەنێ ئیگڵتۆن ڕێز لە گومانگەرایی ژیرانەی کۆنزەرڤاتیڤێک دەگرێت دەرهەق بە حیکمەت یان کردەنیبوونی گۆڕانی ڕادیکاڵ، بەڵام هێشتاش

پێداگرە لەسەر کرانەوە بە ڕووی ئەو ئەگەرەدا. ڕەنگە **پێشکەوتن** وەک شتێکی وەهمی ڕەتبکەینەوە، بەڵام لە ڕابردوودا پێشکەوتن ڕوویداوە، ئێستاش لە ڕووداندایە، و هۆکاریشمان هەیە بۆ ئەوەی باوەڕمان وا بێت لە داهاتووشدا ڕوودەدات:

*«هیچ شتێک هێندەی ئەو گریمانە ئاخیرەتگەرایانە نیە، پێمان وا بێت ئەم جیهانەی دەیناسین بۆ ئەوە لێرەیە بمێنێتەوە».*

ئێستا تۆوی داهاتوویەکی باشتری لە خۆیدا هەڵگرتووە، گەر سازوئامادە بین بەوردی لێی بڕوانین، ڕەنگە بە دەوڵەمەندییەکی چاوەڕواننەکراو سەرمان بسووڕمێنێت:

*«گەر گۆڕانی ڕادیکاڵ چەمکێکی قورس بێت بۆ گرتنەدەست، ئەوە لەبەر ئەوەیە پێویستی بە دووربینی و ڕۆشنی، دەقیقی و حسابات هەیە، بەڵام هەموو ئەمە لەژێر ناوی ئامانجێکدا کە بەزەرووڕەت ناڕوونە. بێگومان دەرهاویشتنی داهاتوویەک بەندە بە پشتبەستن بە ئەزموونی ئێستاوە، ئینجا ئاوا دەبێت شکستبێنین لە تێپەڕاندنی ئەوەی ئێستا دەیزانین؛ ئەی باشە چۆن دەکرێت داهاتوویەک بهێنینە بوون کە لە تێگەیشتنی ئێستاکێمان تێدەپەڕێت؟ ».*

هیچ مایەی سەرسووڕمان نیە بۆ ئیگڵتۆن- ڕەخنەگرە ئەدەبییە چەپەکە، کە وەک پیاوێکی گەنج نزیک بوو لە چوونەناو نەزمی کاتۆلیکییەوە- ئەوە باشترین توخمەکانی نەریتی مەسیحی و مارکسیین، کە دەوڵەمەندترین سەرچاوەکان دابیندەکەن بۆ پەرەدان بە تێگەیشتنێک لەمەڕ ماهیەتی هیوا

(هیواخواستن چیە). هەردووک هەوڵیانە ڕووبەڕووی جیهان ببنەوە بەو شێوەیەی کە هەیە، بە هەموو وێرانییەکیەوە، بەڵام سازیش دەمێننەوە بە ڕووی ئیمکانی گۆڕانێکی ماقووڵدا:

*«هەردوو مارکسیستەکان و مەسیحییەکان لە لیبراڵەکان و ڕیفۆرمەرە کۆمەڵایەتییەکان ڕەشبینترن سەبارەت بە دۆخی ئێستای مرۆڤایەتی، بەڵام بەهیواترن سەبارەت بە ئەگەرەکانی داهاتوو. لە هەردوو بارەکەدا، ئەم دوو ڕەوشە دوو دیوی یەک دراون. بنیام بۆیە باوەڕی بە داهاتوو هەیە، چونکە دەیەوێت لە قێزەونترین ئاستیدا ڕووبەڕووی ئێستا ببێتەوە».*

باوەڕی مەسیحی بە زیندووبوونەوە، دەبێتە مایەی گەورەترین هیوا بە ڕزگاریی کۆتایی جیهان، بەڵام ئەمە هیوایەکە بەقورسی لەڕێگەی ئازارچەشتنی مەسیح بەسەر خاچەکەوە بەدەستدەهێنرێت، وەک دەربڕینە نائاساییەکە، گۆڕینی جیهان بۆیە مومکینە، چونکە ئافرێنەرەکەی سەروبنی پشکنیوە.

ڕێزی هەمیشەیی ئیگڵتۆن بۆ مارکسیزم لەو تێڕوانینە قووڵەی مارکسەوە دێت، کەوا پێشکەوتن و ئازارچەشتن بەتوندی پێکەوەبەندن. مانیفێستۆی کۆمۆنیست دەستبڵاوتر لە نیۆلیبراڵیزمی یۆتۆپی وەسفی سەرمایەداری دەکات، بەڵام پێداگرە لەوەی سیستەمەکە خۆی خۆی دەوەستێنێت: هەمان ئەو پرۆسەیەی گەشە دەخوڵقێنێت، نایەکسانی، نائارامی، نامۆبوون و قەیرانی ئیکۆلۆژییش دەخوڵقێنێت.

*«مێژوو لە گۆشەیەکەوە لێی بڕوانیت، نوێنەرەوەی گەشەی بەرەوپێش و بەرەوسەرە، ئەویش چونکە مرۆڤەکان لەسەر شانی گەشەی ماتریاڵی پێویستی و ئارەزووی ئاڵۆزتریان بۆ درووستدەبێت و هێز و توانای نوێ پەرەپێدەدەن. لە گۆشەیەکی ترەوە لێی بڕوانی، چەرخوخولە لە فۆرمێکی نادادپەروەرییەوە بۆ یەکی تر، هەر بۆیە حیکایەتەکە حیکایەتێکی تراژیکە».*

کەچی هێشتاش سیاسییەکی ڕادیکاڵ بوێریی ئەوەی هەیە باوەڕی وا بێت ئەمە کۆی حیکایەتەکە نیە، ئەو ناکۆکییانەی تا ئێستا لە هەناوی گەشەی ماتریاڵیدا هەبوون دەشێت تێپەڕێنرێن، و مادەم شتەکە مومکینە، دەشێت چارەسەریش بکرێن. کەسی ڕادیکاڵ هەڵای هیوای وایە مۆدێرنەی سەرمایەداری «کۆتایی مێژوو» نانوێنێتەوە، و بەردەوام سیستەمی ئابوری و سیاسیی بەدیل دەخاتەڕوو، کە سامانی زیاتر دێنن و درێژە بە هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی دەدەن.

لە چاوی ئیگڵتۆندا، ئەوانەی هیوای گۆڕانی ڕادیکاڵیان هەیە، وەک مەسیحییەکان، هەم ڕیشکیان لە جیهاندایە و هەم غەریبیشن پێی، گیریانکردووە لەنێوان «لەنێوان ئەوەی بەرچاوە بەڵام پێرفێکت نیە، و ئەوەی غاییبە بەڵام دڵڕفێنە؛ لەنێوان پێداگریی لە ڕاستەقینە و بەڵێنی داهاتوودا». گومانی تیا نیە دۆخێکی فریودەری بوونە، بەڵام دۆخێکیشە شایەنیەتی هیوای بۆ بخوازین.

سەرچاوە:

https://sceptical.scot/2016/01/onwards-and-upwards-the-hubris-of-hope/?fbclid=IwAR0GfhsXlZj9P5SJKWw5DxirZBLBYFQb06pjZzp90IGDvBMhFG3c1e0E9UU

# هیوا لە لە ئوستوورەی گەلاندا

سوورێن ئیبراهیم

دۆنادۆن– نەمریی – ئوستوورەی کوردیی (ت، وەرگێڕ)

ئوستوورەی کوردیی ئوستوورەیەکە ڕەگوڕیشەی وەک تەونێکی پێچەڵپێچ و ڕیشاژۆ گرێدراوی سرووشتە، سا بۆیە ئەوەشی لە ئوستوورەی کوردییدا پێی دەڵێن ئوستوورەی پاڵەوانی هەر کەساندنی وێنا و شاهێما سرووشتییەکانن، کە بەپێی وەرزگۆڕکێ لە نێو بازنەی مەرگ و ژیندا لە هەر مەرگێکەوە دەژێنەوە، پاڵەوان و کەسێتییە ئایینییەکانی نێو ئوستوورەی کوردیی لە نێو خولگەی مەرگ و ژیندا سەرەتا دەکەنەوە کۆتایی و کۆتاییش بە سەرەتا، هەر بۆیە چەمکی (دۆنادۆن) لە ئایینی یارسان و (کراسگۆڕکێ) لە ئایینی ئێزدییدا تا دواڕادە ڕەنگدەرەوەی ئەمەیە. لە هەردوو ئایینەکەدا پرسی مەرگ و ژین یان ژین و مەرگ، وەک خولگەیەکی نەپساوە لە بەردەوامییەکی هەرماو و نەبڕاوەدایە و ئەمە لە میتۆلۆژیای ئافراندن و پاڵەوان و کەسیتییە ئایینییەکاندیاندا شاتەوەری پرسی مەرگ و هەڵسانەوەیە، سا ئەمەش لە هەر شت زیاتر پرسی هیوا و ئومێد دەکاتە ڕۆژەڤ.

بەپێی ڕامانی یارسان ڕۆحی مرۆڤ لە چێوەی شێوە و جل و کراسی چەشناوچەشندا دەرکەوێت:

باوە یادگار مەرەمۆ: **نە قاڵب خاک بدیم گەواهی**

واتە: لە قاڵبی خاکدا گەواهی بدەین.

بۆ نموونە بەپێی کلامێکی شێخ ئەمیری زۆلەیی، کاتێک باسی دۆناودۆنی خۆی دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە گوای هەزارویەک دۆنی کردووە:

**هزار و یک دون جامم دیانان**

**گاه وحشی بیام گاه نە دون طیر**

***

هیوا هەستێکی بەگوڕە، لە تاریکترین ساتەکانیشدا پاڵهێزی سرووش و ورووژان دەبەخشێتە تاک، لە چاند و ئوستوورە جیاوازەکاندا، بۆ نیشاندانی هیوا وەک چاوگەی سرووش و هاندان، سوود لە هێماکان بینراوە، لە قەقنەسی ئوستوورەی یۆنانییەوە بیگرە تا کۆڵکەزێڕینەی ئوستوورەی ئەسکەندەنافی، ئەم هێمایانە نرخێکی ڕیشاژۆیان هەیە و پەیامێکی گەشبینانە و نەرمونیان دەگوازنەوە، لەم وتارەدا دە هێمای ئوستوورەیی لەمەڕ هیوا بە شرۆڤەوە بەرباس دەدەین، ئەم هێمایانە ڕوانینێکی تەڵبژێر سەبارەت بە ڕێبازەکانی واتای هیوا لای فەرهەنگ و باوەڕمەندییە هەمەچەشنەکان پێشکەش دەکەن. لە سۆنگەی بەدواداچوون بۆ چیرۆک و ئەفسانە

شاراوەکانی نێو ئەم هێمایانە، دەتوانین تێگەشتنێکی قووڵترمان لەمەڕ هێزی هیوا و توانای لە بارگۆڕانی ژیاندا وەچنگ بخەین.



**قەقنەس – ئوستوورەی یۆنان**

قەقنەسی ئوستوورەی یۆنانیی لە سۆنگەی توانای ژیانەوەی هێمایەکی بەهێزی هیواە، ئەم باڵندەیە پێش ئەوەی گڕ لە خۆی بەر بدات و لە خۆڵەمێشی خۆیەوە بژێتەوە، پێنجسەت ساڵ دەژی، خولی مردن و ژیانەوەی وەک بازنەیەک لە ژیان دەبینرێتەوە، ئەم ئوستوورەیە مژدەبەخشی دەستپێکێکی تازەیە لە مەرگەوە.

هەروەها قەقنەس هێمای نوێبوونەوەشە، چونکە بە شێوەیەکی تازە شێوازە کۆنەکەی خۆی بۆ شتێکی نوێ دەگۆڕێت، ئەم بارگۆڕانە هێمای ماتەوزەی

گەشە و گۆڕانە لە ژیاندا، تەنانەت لە دژوارییە مەزنەکانیشدا، قەقنەس هێمای ئەو هیواهیە کە تەنانەت لە تاریکترین کاتەکانیشدا هەمیشە ئەگەری تازەبوونەوە و گەشە و دەستپێکردنەوە وا لە گۆڕێ، تایبەتمەندیی خولگەیی قەقنەس یادهێنەرەوەی ئەو مژارەیە کە ژیان گەشتێکی پڕ لە هەورازونشێوە، لی هەمیشە هیوا بۆ داهاتوویەکی باشتر وا لە گۆڕێ.



**نیلوفەڕی شین – ئوستوورەی هیندیی**

لە ئوستوورەی هیندییدا گوڵی نیلووفەری شین هێمای هیواە، چونکە نیشاندەری سەفەرە بۆ ئاسۆی ڕۆشنبوونەوە و گەشەی مانەویی. بەپێی ڕامانی هیندیی گوڵی نیلوفەری شین لە ئاوی لیڵدا دەڕوێت، لێ بە پێچەوانەی ژینگەکەی پاک و خاوێنە، ئەمە هێمای توانستی زاڵبوونە بە سەر هەلومەرجەکان و دەسڕاگەشتنە بە ئازادیی مانەویی، هاوکات گرێدراوی خوا برەهمای ئافرێنەری جیهان و خواژنە لاکشمی خواوەندی سامان و خۆشگوزەرانیی و پاکییە، دەڵێن گوڵی نیلوفەر هێمای ئەگەری گەشە و

نوێبوونەوە و گۆڕانە لە تاریکەسەڵاتترین هەلومەرجدا، سا کەواتە گوڵی نیلوفەڕی شین وەک چرای هیواە و سرووشی زاڵبوون و بەدەستهێنانی بەگوڕترین ماتەوزە دەبەخشێتە تاک.



پردی کۆڵکەزێڕینە – ئوستوورەی ئەسکەندەنافیی

هێمای هیوا لە ئوستوورەی گەلاندا کراسی چەشناوچەشن دەگۆڕێت، بەڵام لە ئوستوورەی ئەسکەندەنافیدا بە شێوەی پردی کۆڵکەزێڕینە نیشان دەدرێت، ئەم پردە جیهانی یەزدانیی و جیهانی مادیی پێکەوە گرێ دەدات، پەیوەندیی نێوان ئەم دوو هەرێمە و هیوا بە هەڵکشان بۆ جیهانێکی باڵاتر نیشان دەدات. کۆڵکەزێڕینە هێمایی دیاری گەلێک فەرهەنگە، جا ڕێڕەوێکە بۆ ئاسۆی ئەگەرەکان و دەستپێکی تازە. سەرباری ئەمەش پردی کۆڵکەزێڕینە هێمای هیوا بۆ گەیشتن بە والهالا (Valhalla) یان جیهانی پاش مەرگ بۆ شۆڕەسوارە دۆڕاوەکان و شوێنێکی سەرشار لە شکۆ پەرچ دەداتەوە، ئەم

هێمایە پێمان دەڵێت کە هەمیشە ڕێیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان هەیە و ئێمە دەتوانین بۆ گەیشتن بە خەونەکانمان، کۆسپ و تەڵەزگەکان ببەزێنین.



**گای سپیی – ئوستوورەی خۆجێیەکانی ئەمریکا**

لە ئوستوورەی خۆجێییەکانی ئەمریکا گای سپی ئاژەڵێکی پیرۆز و دەگمەنە و هیوای نوێبوونەوە بۆ خەڵک وەدی دێنێت، گای سپی پەیامهێنی ئاشتیی و خۆشگوزەرانییە و بینینی گای سپی، مژدەبەخشی بینینی شتی باشە بۆ ئاییندە، گای سپیی پەیوەندییەکی نزیکی بە ئەفسانەی گامێشی سپییەوە هەیە، ئەمەش هێمای هیواە، بەپێی ئەم ئوستوورەیە ئەم ئاژەڵە لە شێوەی گایەکی سپیدا خۆی بۆ هۆزی لاکۆتا دەرخستووە و لە سۆنگەی هەڵگرتنی شمشاڵێکی سپییەوە حەوت سرووتی ئایینیی فێر کردوون، جا ئەم حەوت سرووتە لە باوەڕی مەعنەویی واندا لە تەوەرێکی سەرەکییدا ڕۆڵ وازیی دەکات، هەروەتر گای سپی واتای هاوسەنگیی و یەکسانیی سرووشت دەدات. چونکە پێیان وایە هێمای یەکێتیی پاڵنەری ژنانە و پیاوانەیە. لە

ڕامانی خەڵکی خۆجێی ئەمریکادا ئەم هێمایە یەکێتیی هەموو شتەکانە لە جیهانی سرووشتدا، سا گرنگیی پاراستنی هاوسەنگیی و ڕێزگرتنە لە سرووشت.



**ئانخ – ئوستوورەی میسرپیی**

ئانخ هێمایەکی شێوە خاچینە و بازنەیەک وا لە ڕاسەرەکەی، ئەمە نیشاندەری ژیانی ئەبەدیی پاش مەرگە. زۆرتر ئانخ لەگەڵ خوا ئیزیسی خوای ژیان و پیتوفەڕ لە پەیوەندیی دایە.

هەروەها لە ئوستوورەی میسرپییدا ئانخ بۆ نیشاندانی چەمکی Ma’at بەکار دێت، ئەمە هێمای هاوسەنگیی و تەکووزیی و هەماهەنگییە لە جیهاندا، میسرپییەکان پێیان وابوو لە سۆنگەی ژیانێکی هاوسەنگ و هەماهەنگەوە دەستیان بە ژیانێکی هەرماو ڕادەگات و لەگەڵ خواکان دەبنە یەک. ئانخ لە ئوستوورەی میسرپییدا هێمای هیواە بە ژیانی ئەبەدیی و هاوسەنگیی و بەردەوامیی و بوونی ژیانی پاش مەرگە، ئەم هێما بەهێزەی هیوا و

گەشبینیی هەزاران ساڵە بەردەوامە، تا ئەمڕۆش سرووشبەخشی مرۆڤ بووە.



**درەختی ژیان – ئوستوورەی سەڵتیک**

درەختی ژیان هێمایەکی گرنگی هیواە لە ئوستوورەی سەڵتیکدا، ئەمە هێمای پەیوەندیی یەکسانی گیانلەبەران و واتای خولگەیی ژیانە، درەختی ژیان هێمای گەشە و نوێبوونەوە و گۆڕان و ماتەوزەی بەردەوامیی ژیانە، ئەمەش لەگەڵ بوونی ئەو ئاڵەنگاریی و کێشمەکێشانەی وا هەمووومان ڕووبەڕووی دەبینەوە.

لە ئوستوورەی سەڵتیکدا درەختی ژیان بە شێوەی بەڕوویەکی پیرۆز یان درەختێکی عیرفانیی بەهێزی جادوویی وێنا دەکێشرێت. گوایە درەختی ژیان سەرچاوەی خۆراک و شیفا و پارێزگارییە، سا هەستی بەردەوامیی و تەناهیی و لە جیهانێکی هەمیشە گۆڕاودا دەورووژێنێت، هەروەها هاوواتای

ژیانەوە و تازەبوونەوەیە. چونکە لە پاییزدا گەڵاکانی دەوەرێت، لە بەهاردا سەوز دەبێتەوە، ئەم شاهێما خولگەییەی گەشە و پووکانەوە، نیشانەی خولانەوەی هەمیشەیی ژیان و مەرگ و لەدایکبوونەوەیە. جا هەستی هیوا و متمانە دێنێتە گۆڕێ، بەپێی ئەم میتۆلۆژیایە: ژیان تەنانەت پاش خولانەوەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێو و لەدەستچوونیش، بەردەوامە.

## کیسەڵ – ئوستوورەی چینیی

کیسەڵ هێمایەکی سەرەکیی هیوایە لە ئوستوورەی چینییدا. ئەمە نیشاندەرەوەی ژیانی درێژ و تەواوە، ئەم گیاندارە هێمای تەمەن و گەشانەوەیە، ئەم وێنایە فرەتر بۆ سرووشبەخشینە مرۆڤ لە کاتی دژواردا بەکار دێ. لە هونەر و ئەدەبییاتی چینییدا کیسەڵ جیهانی خستووەتە سەر کۆڵی خۆی، ئەمە نیشاندەری ڕۆڵی باڵکێشی ئەوە لە پاراستنی جیهاندا، ئەم هێمایە ئەوە نیشان دەدات کە هەلومەرج چەندێک سەخت بێت، بەڵام هەمیشە هیوای ئاییندەیەکی باشتر وا لە ئارا، کیسەڵ هێمای نەرمونیانیی و ئارامگرتن و پایەدارییە، پێمان نیشان دەدات کە هەرگیز ڕادەستی کۆسپەکانی سەر ڕێی ژیان نەبین.



**یەکشاخ – ئوستوورەی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست**

ئەسپی تەکشاخ لە ئوستوورەی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا هێمای هێز و هیواە، سا بە زۆریی وەک ئەسپێکی بەهەیبەت و سپی، کە شاخێکی مارپێچ لە هەنیەی ڕواوە، وێنا دەکیشرێت، دەڵێن گوایە ئەم بوونەوەرە هێزی یەزدانیی هەیە و دەتوانێت نەخۆش و برینداران تیمار بکات و هۆکاری بەختیارییە. خاکەڕایی و دڵنزمیی ئەسپی یەکشاخ لە ئوستوورەدا زۆر بەرجەستەیە، بە زۆریی وەک بوونەوەرێکی پاک نیشان دەدرێت کە تەنێ بۆ ئەو کەسانە دێت وا دڵیان پاکە و پەیوەندییەکی ڕیشاژۆیان بە سرووشتەوە هەیە، ئەم پاکیی و پاکییە نیشانەی ئاییندەیەکی باشترە، ئاییندەیەکی دوور لە گەندەڵیی و شەڕانگێزیی.

سەرباری ئەمە، شاخی ئەسپی شاخدار هێمایەکی دیاری چارەسەرە، گوایە شاخی یەکشاخ زۆر نەخۆشیی دەپەڕێنێت و ئارامیی بۆ ئەقڵە ئاڵۆزوباڵۆزەکان دێنێت، ئەم هێمایەی چارەسەر، چرای هیواە بۆ ئەوانەی وا ڕەنج دەکێشن و بۆ دەرچەیەک دەگەڕێن تا لە گێژاوی دەروون دەرباز بن.



**کۆتر – ئوستوورەی پەڕتووکی پیرۆز**

کۆتر لە ئوستوورەی پەڕتووکی پیرۆزدا بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ چیرۆکی کەشتی نوح، هێمای هیوا و ئاشتییە، بەپێی پەڕتووکی پیرۆز، هەنگێ نووح و خاوخێزانی لە گێژەنە گەورەکەدا لە کەشتییەکەدا گیر مان، نوح کۆترێکی هەڵفڕاند تا سەراسۆیەکی وشکانیی بۆ بکات، جا کۆتر بە چڵەزەیتوونێکەوە گەڕایەوە، ئەمەش نیشانی دا کە سێڵاوەکە نیشتووەتەوە و زەوی وشک داهاتووە.

ئەم ڕووداوە هێمای هیوای بڕانەوەی سوێ و دەستپێکی سەردەمێکی تازەیە، چونکە نیشتنەوەی سێڵاوێکی وێرانکەر و وەرزێکی نوێیە لە مێژووی مرۆییدا، کاتێک کۆتر لە ئاومالکەی نێو لافاوەکەدا چڵەزەیتوونی دەست دەکەوێت، ئەوا ئەمە هێمای ماتەوزەی ژیانێکی نوێیە تەنانەت لە تاریکترین کاتەکانیشدا، هەروەتر کۆتر لە پەڕتووکی پەیمانی نوێشدا پەیوەندیی لەگەڵ

ڕۆحی پیرۆزدا هەیە. باوەڕی مەسیحیی پێداگرییەکی ڕیشاژۆتر لە پیرۆزیی ئەم هێمایە دەکات، لەم بەستێنەدا کۆتر نیشاندەری ئاشتیی و پاکیی و ئامادەیی یەزدانە.



**ئەژدیها – ئوستوورەی ئاسیای ڕۆژهەڵات**

ئەژدیها وەک هێمای هیوای ئوستوورەی ئاسیای ڕۆژهەڵات، هەڵگری گەلێک تایبەتمەندیی ئەرینییە، ئەم بوونەوەرە بەهێزە دەتوانێت بەختیاریی و سەرکەوتن بۆ ئەو کەسانە بهێنێت وا سوود لە هێزەکەی دەبینن. هەروەها ئەژدیها هێمای هێز و نەرمونیانییە، سا ئەمەش هێمای توانای زاڵبوونە بە سەر کۆسپ و وەستانەوە بە ڕووی دژوارییەکاندا، ئەژدیها پتر گرێدراوی بنەڕەتی ئاوە، ئاویش لە زۆرینەی ئوستوورەکانی ئاسیای ڕۆژهەڵاتدا هێمای وزەی ژیانبەخشە، ئەم پەیوەندییە لەگەڵ بنەڕەتی ئاو، پەیوەندیی نێوان

ئەژدیها و هیوا فرەتر بەرجەستە دەکات، چونکە ئاو پێویستییەکی گەشە و پیتوفەڕە.

# هیوایەکی ڕادیکاڵ بۆ مرۆڤایەتی و ژینگە

بۆ دەبێت واز لە بیرۆکەی سروشتی بێگەرد بهێنین؟

**ئالن تۆمپسن**[19]

و. سەرکەوت جەلیل

دەستەوەستاویی، شتێکی قۆڕە. بیهێنە بەرچاوت شەمەندەفەرێکی بارهەڵگر لە بەرزاییەکەوە غلۆر بێتەوە، یان کەشتییەکی بارهەڵگر لە ڕێڕەوی خۆی لابدات؛ هێزگەلێک لە سەروەختی بزووتندا کە لەودیو کۆنترۆڵی ئێمەوەن. شتێکی بەهادار لەکیس دەچێت، زۆربەی جارانیش هیچمان لەدەست نایەت بۆ ڕێگرتن لەوە بیکەین. هەست دەکەین بێدەسەڵاتین و وا بەرەو ڕووی پێکداکێشان دەبینەوە.

هێزەیلی شارستانیی مرۆیی هەندێک جار بەو شێوەیەن، وەک شەمەندەفەرێکی بارهەڵگری لە ڕێ دەرچوو. ئەورۆ بە جۆرێک هەمووان تێدەکۆشن لاسایی شێوەژیانی بەکاربەرانەی نوخبەیەکی ئابووریی گەردوونیی بکەنەوە، هاوڕێ لەگەڵ ڕستێک کاریگەریی وێرانکەرانە لەسەر

[19] پرۆفیسۆری یاریدەدەر، زانۆی ئۆریگن، پسپۆڕ لە فەلسەفەی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی.

ژینگەی گەردوونی. ئیکۆسیستەمە مێژووییەکان، لە هەندێک جێی دیاریکراودا، تێدا دەچن. بەو پێیەی زۆرێک لە ژینگەپەروەران سروشتیان لە ئیکۆسیستەم و هەمەجۆریی بایۆلۆجییشدا بە جۆرێک دەنرخێنن، کە بەدەر بێت لە دەستوەردانی مرۆیی، ئەوکات لەگەڵ ئەوەدا بەرەو ڕوو دەبینەوە، کە بیل مەکبین ناوی دەنێت "کۆتایی سروشت"، لە کتێبەکەی ساڵی ۱۹۸۹یدا بە هەمان ناوەوە. چاخی مرۆڤسەنتەری (Anthropocene) دەستەوەستاوییەکی زەبەلاح بەرهەم دەهێنێت، کە لە سایەیدا باشیی سەرزەمین، هەمەجۆریی بایۆلۆجی و ئیکۆسیستەمە مێژووییە "سروشتییەکان" ون دەبێت.

ئایا، سەرباری جۆرێک لە دڵنیایی لەوەی بەم زووانە چیتر سەرزەمین، هەمەجۆریی بایاۆلۆجی یان ئیکۆسیستەمی "سروشتی" نامێنن، بوارێک بۆ هیوای ژینگەیی هەیە؟ هیوای تەقلیدی، بەوەی کە دەکرێت خۆ لە چاخی مرۆڤسەنتەری لابدەین، لە سافیلکانە و هاوسنووری نائەقڵانییەت دەچێت.

لەمڕۆدا ئابووری و کەلتووری سەرمایەدارانەی بەکاربردنی مادی و وزەیی، لە ڕانەگیراو دەچێت. بۆ خەیاڵکردنی ئەوەی کە ژینگەپەروەران چۆن لە فەزیلەتی هیوا تێدەگەن، پێم باشە ڕووداوێکی مێژوویی هاوشێوە بهێنمەوە یاد: کشانی ئەوروپییە هاوردەکان بەرەو ڕۆژاوا لە سەرانسەری ئەمەریکای باکوور لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا.

لە سەروەختی گەڕانیان بە دوای "چارەنووسی ڕوون"دا، سپیپێستە هاوردەکان فشاریان بردە سەر جڤاتە خۆجێییەکان و شێوازی ژیانیان و

کپیان کردنەوە. با سەرنج بخەینە سەر لیقەومانی یەک لەو بنەماڵانە. بەگوێرەی جۆناسان لیر، کاتێک ئاپسالووکی - یان قەلەڕەش (The Crow) - ناچار کران لە خاکێکی پارێزراو (کە لە ١٨٦٨دا دامەزرێنرا) نیشتەجێ ببن، لەوە بەدوا شێوازی تایبەتی گەشەکردنیان، تێگەیشتنیان لە مانای ژیانی باش، مەحاڵ بوو(١).

ژیانی باش بۆ بنەماڵەی قەلەڕەشەکان، بە دەوری ڕاوکردنی کۆچەرییانەدا هەڵچنرابوو، کەلتوورێکی جەنگاوەرانە کە لە ئەنجامی سەدان ساڵی ژیان بەدەم کێبڕکێی توندەوە لەگەڵ بنەماڵەکانی تر لەپێناو کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی دەسەڵاتی گۆڕاو و دەستگەیشتن بە گامێشدا، پەرەی پێ درابوو.

لە ڕووی مێژووییەوە، تێگەشتنێکی "ئەستوور"ی تایبەت و کەلتووریی بۆ ئازایەتی، لە نێو بنەماڵەکەدا باڵادەست بوو. کەچی لە نێو خاکە پارێزراوەکەدا، ئەو دۆخەی ڕەفتاری، بە تێگەشتنی قەلەڕەشەکان، ئازایانەی دەخواست، نەبوو؛ شێوەژیانی جەنگی و ڕاوکردنی قەلەڕەشەکان، کە بەو پێیە ئەندامانی بنەماڵەکە لە ئازایەتی تێدەگەشتن، چیتر نەما. لیر مەتەڵێکمان دەخاتە پێش: چۆن دوایین سەرکردەی قەلەڕەشەکان، پلێنتی کوپس (١٨٤٨ - ١٩٣٢)، توانی ئازایانە ڕێبەرایەتیی بکات لەکاتێکدا ئەو جۆرانەی ڕەفتار کە لە ڕێیانەوە قەلەڕەشەکان لە ئازایەتی تێدەگەشتن، چیتر مومکین نەبوون؟

پلێنتی کوپس دیدێکی خەونئاسای هەبوو، بەوەی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی جۆرێک لە دەستەوەستاویی ڕانەگیراوی پێوەیە. ئەو بینی کە هەڵتەکاندنی شێوەژیانی تەقلیدیی قەلەڕەشەکان، شتێکە ناتوانێت ڕێی لێ بگرێت. بەڵام

بێدەسەڵاتیش نەبوو. کارەکانی دواتری پلێنتی کوپس، دەرخەری فەزیلەتێکی نوێی "هیوای ڕادیکاڵ"ن: جۆرێک لە ئازایەتی بە ڕووی نائومێدیدا، لە ڕێی پابەندبوون بە بیرۆکەی ئەوەی ژیانی باش لە شێوەیەکدا کە ئێستا خەیاڵ ناکرێت، سەر هەڵدەداتەوە. بەو پێیەی سەرکردەیان بوو، پابەند بوو بە ژیانێکی گەشەسەندووەوە بۆ قەلەڕەشەکان، بەڵام ژیانێک کە ئەوان هێشتا نەیاندەتوانی تێی بگەن.

ئێستا بچینەوە سەر چاخی مرۆڤسەنتەریی ناسراو لە ڕێی کۆمەڵێک پاڵنەری مرۆکردی لادەرانەوە بۆ گۆڕانی ژینگەیی. بوارێکمان بۆ چاندنی هیوای ڕادیکاڵ، بەردەستە. بەڵام ئەو هیوایە بەندە بە قبوڵکردنی ئەوەی باشیی سروشت، یانیش بەهای جەوهەریی ژیان لەسەر هەسارەکەمان، سەربەخۆیی و دووریی لە کاریگەریی ڕەنگپێدەرانە(formative)ی مرۆڤ، تێدەپەڕێنێت. دەبێت گومان لە جیاکاریی باوی ئەوەی سروشتییە و ئەوەی دەستکردە، بکرێت. پێویستیمان بە ئازایەتییە بۆ باوەڕهێنان بە سەرهەڵدانەوەی جۆرێکی نوێ لە باشیی سروشتی، دوور و لەودیو بیرۆکە کۆنەکانەوە، کە سەروەختێک سروشتی کێویمان بە پێوەری سەربەخۆیی لە مرۆڤەوە، دەنرخاند.

با بەبیری خۆمانی بهێنینەوە ئێستا لەکوێین و خەیاڵی ئەوە بکەین، کە چۆن بتوانین فەلسەفەی ژینگەیی خۆمان بگونجێنین. سیستەمی فەزایی زەوییش، پڕە لە بێدەسەڵاتی. ئەو گەرمکردنەوەی ئێمە دەیبینین، تەنیا بەهۆی دەردانی کاربۆنەوە لە ماوەیەکی درێژدا، دێتە پێشێ و گەرمبوونی دادێش پێشوەخت

گل دراوەتەوە، تەنانەت گەر بە جۆرێکیش ئەمڕۆ هەموو دەردانەکان ڕابگرین (بێدەسەڵاتیی کەلتووری پێمان دەڵێت ئەوەش ناکەین). تازە شەمەندەفەری بارهەڵگری کەشوهەوا لە وەختی غلۆربوونەوەدایە؛ پاڵنەرە مرۆکردەکان (anthropogenic) تێکڕای گەرمیی ڕووی زەوی و دیاردەکانی چاودێریی کەشوهەوا دەگۆڕن. بۆیە ئەو گۆڕانکارییانەی بەهۆی مرۆڤەوە دەبن، لە سیستەمە بایۆلۆجی و ئێکۆلۆجییەکانی سەرانسەری جیهاندا یەک بەدوای یەکدا دێن. ئێمە لە سەردەمی ئێکۆساید [قڕکردنی ژینگەیی] و زیانگەلی تردا دەژین؛ چاخی مرۆڤسەنتەر، وەک ئەوەی پێمان دەڵێت، بریتییە لە کۆتایی سروشتی خۆسەر.

سروشتی خۆسەر؟ ڕزگارکردنی جیهان وەک ئەوەی بەبێ مرۆڤ مومکین بێت؟ پێدەچێت ئەم دیدە جۆرێک لە ئەفسانەی لەخۆدا هەڵگرتبێت، کە ڕیشەکەی لە قووڵایی بیرکردنەوەی ژینگەیی ئێمەدا بێت. وەک زانایانی سروشتناس، زۆرێک لە ئێمە قبووڵمان کردووە کە مرۆڤەکان هیچ ڕیشەیەکی سەروو-سروشتییان نیە، بەڵکو پرۆسە داروینییەکانن باسی ڕاستەقینەی سەرهەڵدان و بوونمان دابین دەکەن. گەر ئێمە بەتەواوی سروشتیین، چۆن دەتوانین – بەتەنیا لە نێو جۆرەکانی تردا – گۆڕینێک لە بووناسییەکی مێتافیزیکیدا بهێنینە کایەوە؟ دەستلێدانێکی نەزانراوی هاوشێوەی دەستلێدنی میداس [پاشایەکی نێو ئەفسانەکانی یۆنان، کە دەستی لە هەرچی بدایە دەبووە ئاڵتوون]، کە هەموو شت دەکاتە ناسروشتی. کاتێکیش زۆرینەی ژینگەپەروەران مرۆڤسەنتەری ڕەت دەکەنەوە، ئەو بیرۆکەیەی گۆیا تەنیا مرۆڤەکان بایەخی مۆراڵییان هەیە، ئەوکات ئەو دیدەی

پێی وایە تەنیا مرۆڤەکان دەتوانن لە سروشتیبوونی جیهان کەم بکەنەوە، ناڕاستەوخۆ دەیسەلمێنێت کە ئێمە تایبەتین و لە سەرپاکی تری سروشتیش جیاوازین. دووانەگەرییەکی کێشەدار لە حەسرەتماندا بەدوای ئەوەی پێی دەڵێین سروشتی بێگەرد، خۆی مەڵاس داوە.

ستیڤن ڤۆگلی فەیلەسوف، بەتەنیا خۆی، فەلسەفەیەکی ژینگەیی بەبێ سروشت بۆ چاخی مرۆڤسەنتەری دادەڕێژێت: ژینگە دەقاودەق لە ڕێی پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەوە بنیات دەنرێت، ئەوەش واتە شتێکە لە هەمبەریدا بەرپرسیاریێتیی دەستەجەمیمان هەیە(٢).

ئەوەی سەرسوڕهێنەرە ئەو بیرۆکەیە، ڕیشەیەکی هەیە کە لەگەڵ دانیشتووانی خۆجێیی جیهانی نوێ (New World)دا سەری هەڵداوە. پێش زیاتر لە بیست ساڵ، مێژوونووسی ژینگەیی، ویلیەم کرۆنۆن، ئایدیاڵی کێویبوون [یان سروشتیبوون]ی ژینگەپەروەرانی ئاشکرا کرد(٣). سەرزەمینی هەموو کیشوەری ئەمەریکای باکوور لە سایەی کاریگەری و بگرە ئیدارەی ئەمەریکییە خۆجێییەکاندا بوو، کە ئەوەش وای لە کۆلۆنیستە ئەوروپییەکان کرد بەهەڵە وابزانن جیهانێکی بەرفراوانی کارتێنەکراوی سروشتە.

بەپێی ڤۆگل، ئەو جیهانەی تێیدا دەژین هەر ئەوەیە کە خۆمان دروستمان کردووە، ناکرێت جگە لەوەش بێت. 'کۆتایی سروشت' "ڕووداوێکی نوێ نیە، بەڵکو شتێکە هەردەم پێشوەختە ڕووی داوە: مرۆڤەکان هەمیشە ئەو جیهانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، گۆڕیویانە و لە کاتی

ڕووبەڕووبوونەوەشیدا دەیگۆڕن." بوون لە جیهاندا، ژیان لە جیهاندا، مرۆڤەکان لە گۆڕینی جیهانەوە دەگلێنێت. هیچ کارێکی مرۆیی کە بشێت جیهانێک بپارێزێت بەبێ ئەوەی کار لەو جیهانە بکات، مومکین نیە. بۆیە، گەر فەلسەفەی ژینگەیی خەمی ئەوەیەتی کە دەبێت چۆن مرۆڤەکان پەیوەندی لەگەڵ ژینگە ببەستن، ئەوکات ڕوون نیە کە نۆمینەی "سروشتی بێگەرد" چۆن دەشێت هاوکار بێت.

ئایا ڤۆگل نکۆڵی لە بوونی جیهانێکی سروشتی دەکات؟ نکۆڵی لە هەموو ئەو مادانەی لە زانستە سروشتییەکاندا دەخوێنرێن؟ نا، دیدی ئەو دیدێکی دژە-ڕیالیستانەی بیناخوازیی کۆمەڵایەتی (social constructivism) نیە. کاتێک کەسێک دەڵێت چەمکی "سروشت" بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، ژینگەپەروەرە تەقلیدییەکان دەستبەجێ هەڵدەدەنێ کە بابەتەکەی [واتە سروشت] مرۆڤکرد نیە. هەروەها ئەگەر "سروشت" واتە جگە لە مرۆڤ، ئەوا "بیناکردنی کۆمەڵایەتیی سروشت" هیچ مانایەکی نابێت. ڤۆگل لەگەڵ ئەمەدا کۆکە. لەگەڵ ئەوەشدا، بیناکردنی کۆمەڵایەتییانەی ژینگە، بە خۆڕاگری دەمێنێتەوە. ئەو ناڵێت کە چەمکی سروشت کۆمەڵایەتییانە بینا کراوە، کە بێگومان هەر وایشە، بەڵکو ئەوەی کە تاکە ژینگەیەک ئێمە بتوانین جێی تێدا بگرین، دەقاودەق بەرهەمی بیناکردنی کۆمەڵایەتییە – شتێکە ئێمە بنیاتی دەنێین. ڤۆگل دەڵێت، "جیهان شوێنێک نیە ئێمە خۆمانی تێدا ببینینەوە؛ بەڵکو شتێکە ئێمە لە دروستکردنیدا هاوکار بووین، کەچی لە هەمان کاتدا، شتێکیشە کە یارمەتیی دروستکردنی ئێمە دەدات." پێشنیازی ئەو بۆ جێگرتنەوەی

"ڕزگارکردنی سروشت"ە بە خەمی مۆراڵی لە هەمبەر ژینگەدا کە ئێمە، بە هەردوو مانای هۆکارەکی و مۆراڵی، پێکڕا لێی بەرپرسیارین.

فەلسەفەیەکی ژینگەیی بەبێ چەمکی سروشت، هێشتا دەشێت زۆر کەس شۆک بکات بەوەی زۆر سەرنجی لەسەر مرۆڤەکانە. ئەوە باقیی تری جیهانە، کە سەرنجی زیاتریان پێویستە. ڕەنگە بڵێن دیدێکی لەو جۆرە، لەگەڵ ئەو ئازایەتییەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داهاتوویەکی تاریکی ژینگەیی پێویستمانە، نایەتەوە، بگرە لووتبەرزییەکی زیاتر نیشان دەدات. بیرۆکەی فەلسەفەیەکی ژینگەیی لەسەر ژینگە لەبری جیهانی سروشتی نامرۆیی، لووتبەرزانە نیە، بەڵکو هەمەگیرانەیە. مرۆڤایەتی لە کارتێکردندا تەنیا نیە، بەڵکو کاریگەری، دوولایەنەیە و جیهانی نامرۆییش قسەی خۆی دەبێت.

بەرەوپێشچوونی ئەم دواییەی ئێکۆلۆجی دەشێت هاوکار بێت. ئێکۆلۆجیستەکان ئەوەیان ئاشکرا کردووە، کە پاش ماوەیەک لە کاریگەریی مرۆیی تێکدەرانە، زۆرێک لە ئێکۆسیستەمەکان بووژاونەتەوە و سەقامگیر و خۆڕاگر بوون، بەڵام بە کۆمەڵێک خەسڵەتی پێکهێنەرانە و هەندێک جار وەزیفەییانەی ئەوتۆوە، کە لە تۆماری ژینگەیی مێژووییدا هاوشێوەیان نیە. ئەمانەی پێیان دەوترێت ئێکۆسیستەمی نوێ، نیشانەی سروشتێکی "نوێ" و بەرجەستەکەری هێزی جیهانێکی کێویین، کە لە ڕێی گردبوونەوە لە کۆمەڵی تەواو نوێدا و لە ئەنجامی دەستوەردانی بەرچاوی مرۆڤەوە، دەبووژێنەوە (٤).

هەر بۆ نموونە، لە دارستانە باراناوییەکانی زەوییە نزمەکانی هاواییدا، جۆرە هێنراوەکان باڵادەستن (بە ڕێژەی نزیکەی ٩٠٪ی ناوچە بنەڕەتییەکە). بەڵام توێژینەوەکان دەریان خستووە، کە "ئەو دارستانە نوێیانە دەوڵەمەندییەکی زیاتری جۆری درەخت و هەمەجۆرییەکی زیاتری جۆرە باڵادەستەکانی درەختیان تێدایە. لەوەش زیاتر، بۆمان ڕوون بووەوە کە بارستایی زیندەیی سەر ڕووی زەوی و توانای بەرهەمهێنان و سووڕی مادە خۆراکییەکان و مانەوەی کاربۆن لە ژێر زەویدا، یان جیاوازییەکی بەرچاویان نەبووە، یانیش لە دارستانە نوێیەکاندا زۆر زیاتر بوون بەراورد بە دارستانە ڕەسەنەکان." وەک ئەوەی ئەم نموونەیە دەری دەخات، هەڵسەنگاندنی بەرایی ئێکۆسیستەمەکان، ئەوانەی بەپێی دۆخە مێژووییەکان جیاوازن و بەهۆی کاریگەریی مرۆڤەوە بە "داتەپیو" لەقەڵەم دەدرێن، زیاتر پاڵنەری ئایدیۆلۆجیی هەیە، یانیش لەوانەیە حەسرەتێکی ڕۆمانتیکی بێت بۆ ڕابردوو، زۆر زیاتر لەوەی بتوانرێت هەمیشە بە زانستی ئێکۆلۆجی پشتیوانیی بکرێت. توێژەران پێمان دەڵێن، "لەبەر ئەوەی بەشێکی بەرچاوی ڕووی زەوی بە هەمان گۆڕانکاریی لە ڕەسەنەوە بۆ نوێدا دەڕۆن، دەکرێت ئەنجامگیرییەکانمان لە بوارێکی فراوانتردا جێبەجێ بکرێن" (٥).

بەبێ بەدەستەوەدانی وێنەیەکی تەواوی نیزامی جیهانیی ژینگەیی نوێ – ئەو ژینگەیەی لای ژینگەپەروەرانی داهاتوو بەبایەخە – سەرهەڵدانی ئێکۆسیستەمە نوێیەکان، یارمەتیدەرە لە هێشتنەوەی هیوایەکی ڕادیکاڵ بەوەی باشیی جیهانی "سروشتی" هەمیشە لە سەرووی توانای هەنووکەییمانەوەیە بۆ تێگەشتن لێی. ئەم هیوا ڕادیکاڵەش بە باشیی

سروشتی (natural goodness)، دەتوانێت هەندێک لەو ئازایەتییەمان بۆ دەستەبەر بکات کە پێویستمان دەبێت، لە سەروەختێکدا کە مرۆڤایەتی بەبەردەوامی، هاوڕێ لەگەڵ هەموو شتەکانی تردا، زیاتر و قووڵتر بەرەو داهاتوویەکی نادیار و نادڵنیای ژیان لەسەر زەوی لە چاخی مرۆڤسەنتەریدا، دەخزێت.

## پەراوێزەکان


[1] Lear, Jonathan (2008). Radial Hope: Ethics in the Face of Cultural Devastation (Harvard Univ. Press).

[2] Vogel, Steven (2015). Thinking Like a Mall: Environmental Philosophy After the End of Nature (MIT Press).

[3] Cronon, William (1996). "The Trouble with Wilderness: Or, Getting Back to the Wrong Nature" in Environmental History 1/1: 7-28.

[4] Hobbs, Richard, Eric Higgs, and Carol Hall (2013). Novel Ecosystems: Intervening in a New World Order (Wiley-Blackwell).

[5] Mascaro, Joseph, R. Flint Hughes, and Stefan A. Schnitzer (2012). "Novel forests maintain ecosystems processes after the decline of native tree species." Ecological Monographs, 82(2): 221


## سەرچاوە


Allen Thompson. (2020, January 29). A radical hope for humanity and the environment: Why we must abandon ideas of pristine nature. IAI news. https://iai.tv/articles/a-radical-hope-for-the-future-of-the-environment-auid-1300

# on Hope



www. Negativegroup. Org